# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە


## پیرۆزبێت یەکی ئایار، ڕۆژی هاوپشتی و هاوچارەنووسی نێونەتەوەیی چینی کرێکار!


ساڵی هەشتەم ژمارە (166) بەرواری 1–5–2024 بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە مانگی دووجار، لە (1)و (15) هەموو مانگێکدا دەردەچێت




## بەرزو بەرێز بێت یادی تێکۆشان و یاخی بوونی سەردەشت عوسمان بۆ ئازادی و دادپەروەری...

**"ئاخر ئەوکاتەی ماوین دەبێ قسەبکەین،**
**ئەوکاتەی کە تەمەنیشم کۆتایی دێت،**
**باهاوڕێکانم خاڵێکم بۆ دابنێن و سەرلەنوێ**
**بەدێرێکی تر دەست پێبکەنەوە..."**

سەردەشت عوسمان

## هێرش بۆسەر ویستگەی غازی کۆرمۆر....دەرهاویشتەی دۆخێکی نوێ و وەڵام بە سەردانی ئۆردۆغان...



تەنها دوای چەند ڕۆژ لەسەردانەکەی سەرۆکی تورکیا بۆ عێراق و هەولێر، هێرشێکی درۆنی کرایە سەر کێلگەی غازی کۆرمۆر، کە لە ئاکامدا چەندین کارمەند کوژراون و زیانێکی زۆریش بەویستگەکەو کەرتی کارەبا کەوت. بەدوای هێرشەکەدا کاردانەوەی بەرپرسانی حکومەتی هەرێم و حزبە سیاسیەکان و قونسوڵ و تەنانەت زوربەی زۆری وڵاتانی دنیای بەدوای خۆیدا هێنا.

بۆ لاپەڕە 3

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە....


* بزوتنەوەی پشتگیری لە فەلەستین و زانکۆکانی ئەمریکا.......................................ل4

* بریا کێشەکە تەنها پۆشینی قەڵا بووایە بە ئاڵای تورکیا.......................................ل4

* بەڕێز نیاز ساڵح وەڵامی پرسی ڕۆژی داوەتەوە.......................................ل5

* یەکی ئایار ڕۆژی نارەزایەتی جیهانی چینی کرێکارە بە دژی نیزامی سەرمایەداری......ل6

* یادەوەری کوردی لە نێوان ئیلداڵ و ئیماندا.......................................ل8

* مارکسیزم و پراکتیکی شۆرشگێرانە دەربارەی میتۆدۆلۆژی لینین..........................ل9




دۆسیەی ژمارە " سەبارەت بە ئاڵوگۆڕەکانی ئێستای دنیاو ناوچەکەو کاریگەری گوشارەکانی دەسەڵاتی بەغدا بۆ سەر هەرێم و لێکەوتەکانی لەسەر دۆخی کوردستان و ئاییندە سیاسیەکەی"

بەڕێز شاخەوان شۆڕش وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە


... ل10-11

## وتەی ژمارە

## پەیامەکانی سەردانەکەی ئەردوگان بۆ عیراق و کوردستان

22 ی ئەپریل سەرۆک کۆماری تورکیا رەجەب تەیب ئەردوغان، سەردانی عیراق و هەرێمی کوردستانی کرد. لە پەیوەند بەم سەردانەو ئامانجەکانی لیکدانەوەی جیا جیا خراوەتە روو، ئەم وتارەش هەوڵێکی ترە بۆ خستنە رووی سەردانەکەو ئامانجەکانی لە روانگەیەکی ترەوە.

ئامانج لەسەردانی ئەردۆگان بۆ عیراق و کوردستان، پیویست بەوە دەکات، سەردان و ئامانجەکانی بۆ هەریەک لە عیراق و کوردستان بەجیا خویندنەوەی بۆ بکریت...



سەردانی ئەردۆگان بۆ عیراق، لە هەلومەرجیکی تایبەتییدا، کە دەولەتی عیراق خەریکە هەنگاو بە هەنگاو پیگەی خۆی قایمتر دەکات و بەکردەوە گەراوەتەوە ناو کۆمەلگەی نیودەولەتی و دنیای عەرەب و لە ئاستی ناوخۆی عیراقیشدا، هەوڵەکانی بۆ گیرانەوەی سەقامگیری و وەلانانی بەربەستەکانی بەردەم دەسەلاتی فیدرالی و وابەستەکردنی دەسەلاتە لۆکالییەکان و دەسەلاتی هەریم، بۆ ژیر هەیمەنەی دەسەلاتی فیدالی و ناوەندی، دەستی پیکردووە. لەو راستایەشدا هەم بەرەوپیش چووەو هەم رەوەندیکە بەردەوامی هەیە. ئەم پیگە تازەیە، بۆ دەولەتی عیراق، چۆن عێراقی خستۆتەوە ناو چوارچێوەیەکی پێناسەکراوەوە ئاواش پەیوەندییەکانی عیراقی لەگەل کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی ناوچەکە خستۆتە بەردەم ئابدەیت کردنەوەیەکی نوێ. عیراق چیتر عێراقی پارچە پارچە و لاواز، چەند دەوڵەت لەناو دەوڵەتدا نییە. لەگەل ئەوەدا هەژموونی دەرەکی بەسەر عێراقدا هێشتا واقعیەتێکی حاشاهەڵنەگرە، بەڵام بەتەنها بڕیادەری دۆخی عێراق و پەیوەندییەکانی نییە و خودی بۆرژوازی لە عێراقدا بە ئاقاری بریاری سەربەخۆییدا هەنگاو دەنێت و دەیەوێت چوارچیوەیەکی نوێ بە پێگەی تازەی خۆی و پەیوەندیەکانی ببەخشێت. لەبەرامبەردا چ کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و چ وڵاتانی ناوچەکە، لەو چوارچیوە نوێیەدا خەریکن پەیوەندیەکانی خۆیان لەگەڵ عێراق سازدەدەنەوە یان ئارایشی تازەی پێ دەبەخشن... بۆیە پیویستە هاتنی ئەردۆغان و سەردانی سودانی بۆ ئەمریکا لەو چوارچیوەیەدا لێکدانەوەی بۆ بکرێت.

عێراق بۆ دەوڵەتی تورکیا، پیگەیەکی تایبەتی هەیە، پێگەیەک کە راستەخۆ

بۆ لاپەڕە 2


پرسی ڕۆژ ل5

کۆشەی ئەدەب و هونەر ل7

بۆپێشەوە
FORWARD
بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## درێژەی وتەی ژمارە

کاریگەری لەسەر دەولەتی تورکیاو تەواوی ناوچەکەو رۆژهەڵاتی ناوەراست هەیە، کاریگەری ئابوری و سیاسی و ئەمنی و تەنانەت حقوقی. گەڕانەوەی عێراق بۆ ناو کۆمەلگەی نیو دەولەتی، جیگا پەیداکردنەوە لە ئاستی ناوچەکە، گێرانەوەی رادەیەک لە سەقامگیری، گیڕانەوەی هەژموونی دەسەڵاتی فیدرالی بەسەر دەسەڵاتە لۆکاڵیەکان و پێناسەکردنەوە و چوارچێوەبەخشین بە پیگەی هیزو گروپ و میلیشیاکان، هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی و بریاری سیاسی، تا دەگاتە پەیوەندییە ئابورییەکان... هەموو ئەوانە عیراقیان لە ولّات و دەولّەتیکی لاکەوتە و مەیدانیک بۆ ململانیی ناوچەیی و سەنتیزیک بۆ کێبەرکێی قوتبە جیهانیەکان و جەمسەرە ناوچەییەکان، گۆڕیووە بە کاراکتەرێکی دیکە، کاراکتەرێک کە دەیەوێت وەکو هەرکام لە دەولّەتەکانی ناوچەکە پیگەی لە جغرافیایی ئەم ناوچەیەدا بۆ بەفەرمی بناسرێت. ئاراستەی زاڵ لە نێوەدا مامەڵەیەکی نوێیە لەگەڵ دەولّەتی عێراق.

ئەردۆغان و دەولّەتی تورکیا، دەیانەوێت لەگەڵ ئەو کاراکتەرە تازەو هاوسێیە مێژوویەیان، پەیوەندیەکی نوێ بنیات بنێن، پەیوەندیەک کە بەغدا بە چەقی پەیوەندی و خاوەنی دەسەلاتی سەراسەری عێراق، تەماشا دەکەن و لەو نێوەشدا مامەڵەی سەرەکییان لەگەڵ عیراق دەبێت... دۆسیەی ئابوری و ئەمنی و ئاو و تورکمانەکان و پیگەی کورد لە ناوخۆی عیراقدا، دۆسیە سەرەکیەکانی ناو ئەو پەیوەندیە تازەیەن.

بۆ تورکیا کە بەدەست چەندین گرفتی سەختی ئابوری و سیاسی و ئەمنی و ناوخۆییەوە دەناڵێنێت و خودی ئەردۆغان و دەسەڵاتی ئاک پارتیش رووی لە داکوژان و مالئاوایە، پیداویستی ئابدەیت کردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەل عیراقدا، هەولێکی ناچاری و بە نەخشەیە. پرسی ئابوری بەتایبەت غازو نەوت، پرسی سنورەکان و کیشەی پەکەکە، پرسی سیاسی کورد لەناوخۆیی تورکیا، پیگەی کورد لە عیراقدا، تا دەگاتە جیگەو رێگەی تورکمانەکان لە عیراقدا... ئەو دۆسیانەن کە دەولّەتی تورکیا و بەتایبەت ئاک پارتی دەیەوێت لە رێگایەوە بالانسی خۆی پێ رابگریت و دەروازیەک بۆ گێرانەوەی هەژموونی خۆی لەناوخۆی تورکیادا پێ زامن بکاتەوە. تورکیا دەیەوێت گرێبەستی ئابوری و بەدیاریکراوی گرێبەستی نەوت و غاز لەگەل دەسەلاتی ناوەندی بکات، چ وەکو مەیدانیکی قازانج هینەری سەرمایەو چ وەکو رێگاو نەخشەیەکی هاوبەشی لەگەڵ بەغدا بۆ کۆتاییهێنان بە پیگەی ناسیونالیزمی کورد لە کایەی ئابوری و نەوت و غازدا. هەروەها لەم ریگایەوە لاواز کردنی ناسیونالیزمی کورد لە عێرقدا بە مەبەستی لاوازکردنی ناسیونالیزمی کورد لە تورکیادا. جیا لەوانە پرسی ئاسایشی سنورەکان و گەیشتن بە رِیکەوتن لەگەڵ دەولّەتی عێراق بۆ سنوردارکردن و لیدان لە هێزەکانی پەکەکە، ئامانجیکی تری دەولّەتی تورکیایە و دەیەوێت پاراستنی سنورەکان بە هیزەکانی عێراق بسپیردرێت. جیا لەوانە تورکیا دەیەوێت رِیکەوتنەکانی پێشووی لەگەڵ عێراقدا کە ریگە دەدات بە سوپای تورکیا بە قولایی ٤٠ کیلۆمەتر، ئۆپەراسیۆن لەسنورەکان و خاکی عێراقدا بکات، نوێ بکاتەوە. تورکمانەکانی ناو عیراق و بە فەرمی ناسینییان و بەشداری پیکردنیان لەچوارچیوەی دەسەلاتی بۆرژوازی عیراقیدا، یەکێکی تر لە ئامانجەکانی دەولّەتی تورکیایە...

تا ئەوەندەی بە سەردانی ئەردۆغان بە کوردستان دەگەرێتەوە، سەردانەکە دیداری سەرۆکی تورکیاو ئاک پارتییە، بۆ لای پارتی و زۆنی زەرد، و پەیوەندیەکی حزبییە. لە هەرێمدا دەولّەت و حکومەتێک بوونی نییە، تا بەشیوەی فەرمی و بە عورفی نیودەولّەتی پەیوەندیەکانی تیا بەرِێوەبچیت، تەنانەت هەماهەنگیەک لە نێوان هێزە سەرەکیەکانی ناو هەرێم و زۆنەکان بوونی نییە، تاوەکو سەردانی ئەردۆغان بەمانای سەردانی بۆ هەرێم لێک بدرێتەوە. جیا لەوانە دەولّەتی تورکیا لەگەڵ ئەوەدا دراوسێیەکی عێراق و هەرێمە، بەلّام دراوسێیەکی دوژمن کارانەی هەرێم و خەڵکی کوردستانە بێ گوێدانە بە هیچ نەریت و عورفێکی پەیوەندیەکی ئاسایی دەیان بنکەو بارەگای سەربازی هەواڵگری لە قولایی کوردستاندا دامەزراندووە، رۆژانە هیرشی درۆنی و تیرۆریستی لەناو هەریمدا ئەنجام دەدات... نایشارنەوە کە خەونی زیندوکردنەوەی میساقی میللی و خەونی سولّتانیزمیان، هەیە، کە ئەمەش هەرەشەیەکی ئاشکرایە لە بەشیکی زۆری سەر هەرێم و عێراق.

سەردانی ئەردۆغان بۆ لای پارتی و هەولێر... بە پلەی یەکەم زیندو راگرتنی پەیوەندیەکانیەتی لەگەڵ پارتی بە مەبەستی هاوکاری کردنی تورکیا بۆ لێدان لە هێزەکانی پەکەکەو گوشار خستنە سەریان، دووەم، مەسەلەی تورکمانەکان و ناچارکردنی پارتییە بەوەی جیگەو رێگەی تورکمانەکان لە کەرکوک و لەژێر سایەی دەسەلاتی هەرِیمدا بە ویستی تورکیا بەرگری لێ کات، سێهەم لە پرۆسیسی بەتالّانبرنی نەوتیشدا بە شیوەی قاچاغ و نایاسایی بەردەمیان هەبێت و چوارەمیش پارتی لە هەرێمدا وەکو هاوپەیمانی خۆیان بهێڵنەوە... پارتیش بە شیوازە لە پیشوازی کە بۆ ئەردۆغان سازیدابوو، نیشانیدا کە پەیوەندیەکە پەیوەندیەکی ناهاوسەنگ و خزمەتکارانەیە، نەک پەیوەندییەکی ئاسایی. پیشوازییەکە زۆرتر وەکو پێشوازی سەرباز و نۆکەر لە فەرماندەو سولّتان، ئامادەکاری بۆ کرابوو. ئەوە لەکاتێکدایە کە خەڵکی کوردستان بەشیوەی گشتی دەولّەتی تورکیا بە دوژمنی خۆیان و خەونەکانیان دەزانن. ئەوەش ئەو راستییە نیشان دەدات، کە پارتی بەو ئەندازەیەی مل کەچ و هاوکاری تورکیایە، بەو ئەندازەیەش رووبەرووی خەڵکی کوردستان دەبێتەوە. دیارە ئەوە بۆ پەیوەندی ئیران و دەسەلّاتی زۆنی سەوزیش هەمان راستییە، یەکێتی بەهەر ئەندازەی کە مل کەچ و هاوکاری دەولەتی ئیرانە، بە هەمان ئەندازەش رووبەرووی خەڵکی کوردستانە.

دیارە سەردانی ئەردۆغان بۆ لای پارتی و بەرپرسەکانی، پەیامێکی گوشار ئامێزە بۆ یەکێتی و کە لەململانێی خۆیدا لە بەرامبەر بە ئیراندا کەڵکی لێوەر دەگرێت.

بە کورتی سەردانەکەی ئەردۆغان بۆ عێراق و کوردستان بە ئامانج جیاوازن، ئەگەر سەردانەکە بۆ عێراق مۆرک و عورفی پەیوەندیەکانی پێوەیە و مامەڵەیە لەگەڵ دەولّەتێکی فەرمی ناوچەکە کە لەحاڵی بەهێزبوونەوەدا دایە لەهەلومەرجێکی تازەدا، ئەوا سەردانی ئەردۆغان بۆ هەولێر مۆرکی پەیوەندیەکی حزبی و نافەرمی پێوەیە و هیشتا پیویستیەکی حزبی لە پشتیەوەیەتی و ئامانجیش خزمەت بە دەوڵەتی تورکیاو ئامانجەکانیەتی.

**عەبدوڵا مەحمود**

# بژی یەکی ئایار، پیرۆزە یەکی ئایار

**یەکی ئایار یادو بۆنەی هیچ نەتەوەو نەژاد و دین و مەزهەبێک، یادو بۆنەی هیچ و جۆرە خودا و پەیامبەرو پاشاو سەرۆک و مەلیکێک، نییە. سومبولی ڕیز دانان بۆ هیچ سنور و نیشتمان و قارەمانەکانی نییە... یەکی ئایار رۆژی نوێکرنەوەی هاوپشتی و هاوچارەنوسی جیهانی چینی کرێکارە، بێگوێدانە، ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی و رەنگی وپێست و دین و مەزهەب، بێگوێدانە ژن و پیاو بوون، بێگوێدانە دوور و نزیکایەتی سنورەکان و جغرافیا...**

**یەکی ئایار، رەمزی نەفرەتی چینی کرێکاریی جیهانییە لە زوڵم و نابەرابەری و جەنگ و بێمافی... ئەم هاوارە ئینسانییە، پیرۆزە لەهەموو ئۆردوی هاواری ئازادی...**

**یەکی ئایارێکی ترە و سیستەمی سەرمایەداری هێشتا چنگی لە گەروی کۆمەڵگای مروڤایەتی، گیر کردووە...**

**یەکی ئایارێکی ترە و تۆماری ئۆردوی بێکاران، شەپۆل ئاسا هەڵدەکشێ... هەژاری و نەداری و گرانی، بەرین و بەرینتر دەبێتەوە... بیخانەولانەیی سنور ناناسێ... ئاوارەیی و جەنگ هەموو کون و قوژبنێکی دنیای تەنیووە... یەکی ئایارێکی ترەو سیستەمی سەرمایەداری دنەدەری کۆنەپەرسترین ئایدۆلۆژیایی ئیسلامی و راسیستی و نەژادپەرستی و قەوم پەرستییە.... یەکی ئایارێکی ترەو زوڵم و بیمافی سەر ژنان و منالّان بێداد دەکات... ئەم نیزمە دیلی هێنەرو بە ئەتۆمیزەکردنی ئینسانە، ناتوانێ و هیچ ئاسۆیەک و رێگایەکی نیوە ناچلیشی بۆ باشتر کردنی ژیان، لە هەگبەی دا نییە... نیزامی سەرمایەداری نیشانی دایەوە کە سیستەمێکی ئاوسە بەهەموو گرفتە ئابوری وسیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کەلتوریەکانی ئەم سەردەمە... ئەم سیستەمە بە هەموو پێوانەیەک نەک هەر زیادەیە بەسەر کۆمەڵگای ئینسانیەوە، بەڵکو سەرچاوەی بە دۆزەخکردنی ژیانی ملیاردەها ئینسانی ئەم گۆی زەویەیە... بۆ ئەوەی شکۆ و ئیرادە بۆ ئینسان بگەڕێتەوە.**

**بۆ ئەوەی ستەمی چینایەتی و هەڵاوردنی قەومی و دینی نەژادی و کۆتایی پێ بێت. بۆ ئەوەی بیکاری و گرانی و ئاوارەیی وبیمافی و جەنگ و کوشتارو نائەمنی، سایەی رەشی تورِ بدرێت... پێویستە نیزامی سەرمایەداری بەهەموو مۆدێل و شیوازو رەنگەکانیەوە، بۆ ئەبەد زیندەبەچاڵ بکرێت... زیندەبەچاڵکردنی ئەم سیستەمە، کاری چینی کرێکاری و ڕیکخراو و حزبی مارکسیستی و کۆمەڵاتەتی خۆیەتی... پەیامی چینی کرێکار، لە ئایاردا، دەبێ پەیامی کۆتاییهێنان بێت بە نیزامی دیلی هێنەری سەرمایەداری...**

**سەردانەکەی ئەردۆغان بۆ عێراق و کوردستان بە ئامانج جیاوازن، ئەگەر سەردانەکە بۆ عێراق مۆرک و عورفی پەیوەندیەکانی پێوەیە و مامەڵەیە لەگەڵ دەوڵەتێکی فەرمی ناوچەکە کە لەحاڵی بەهێزبوونەوەدا دایە لەهەلومەرجێکی تازەدا، ئەوا سەردانی ئەردۆغان بۆ هەولێر مۆرکی پەیوەندیەکی حزبی و نافەرمی پێوەیە و هیشتا پیویستیەکی حزبی لە پشتیەوەیەتی و ئامانجیش خزمەت بە دەوڵەتی تورکیاو ئامانجەکانیەتی...**

## درێژەی: هێرش بۆسەر ویستگەی غازی کۆرمۆر....دەرهاویشتەی دۆخێکی نوێ و وەڵام بە

دیارە ئەوە یەکەمین جار نییە هێرش دەکرێتە سەر کێڵگەی غازی کۆرمۆر و جێگاکانی دیکە و لەوەش ناچێت دوا هێرشی درۆنی و موشەکی بێت، بەڵام هێرشی ئەمجارە تەواو لە دۆخێکی جیاوازدا ئەنجامدرا. لەلایەکەوە رەوەندی گیرانەوەی سەقامگیری سیاسی، رەوەندی زالکردنی دەسەڵاتی فیدرلی بەسەر دەسەلاتە خۆجێی و لۆکالیی و هەرێمدا، رەوەندی وەلانان ئاستەنگەکان، رەوەندی گیرانەوەی سەربەخۆی سیاسی بەسەر بریار و سەروەری!! عێراقدا، رەوەندی کەم کردنەوەی نەهێشتنی دەستێوەردانی دەرەکی و وڵاتانی ناوچەکە لە دۆخی عیراقدا، رەوەندو ئاراستەیەکی واقعی و زاڵە، وەستانەوە بەرووی ئەو رەوەندو ئاراستەیەدا هیشتا واقعیەتیکە، بۆیە چ ئەم هیرشە و چ ناکۆکیەکانی ناو باڵەکانی بۆرژوازی عێراقی لەناو یەک خانەوادەی سیاسی یان جیاواز، لایەنێکی سەرەکی ئەو دۆخە یان کاردانەوە بەرووی ئەو هەلومەرجەدایە. جیا لەوانە دوای سەردانەکەی ئەردوغان بۆ عیراق و بەتایبەتی بۆ هەولێر لای پارتی بوو. بۆ ئەردۆغان پرسی نەوت و غاز دۆسیەکی تایبەت و جێگا گرنگی پێدانە و تەماحی دەوڵەتی تورکیاش لە غازی هەرێمدا، لەکەس شاراوە نییە. هاوکات لەگەڵ ئەوەدا زوربەی کێڵگە نەوتیەکان و دۆسیەی نەوت لەدەستی دەسەڵاتی هەرێم دەرهێنراوەو کەوتۆتە دەستی دەسەڵاتی ناوەندی، بەڵام هێشتا چەندین کێڵگەی وەبەرهێنانی نەوت و غاز لەدەستی دەسەڵاتی هەرێمدا ماوە و بەشێوەی نایاسایی و قاچاغ دەفرۆشرێت. لەو نێوەدا دۆسیەت نەوت و غاز لەگەڵ تورکیادا یەکێک لە تەوەرەکانی پەیوەندی تورکیا بە پارتیەوەیە. بۆیە ئەگەری زۆر لە هێرشەکە، گورز وەشاندنە لە هەوڵێکی لەو جۆرەو لەوەش زیاتر گوشاریکە بۆ دەرهێنانی ئەو وێستگەیە لە ژیر دەسەلاتی هەریم و پارتی بۆ ژێر دەسەلاتی ناوەندی.

هیزو گروپ و میلیشیاییەکانی عیراق، کە لەلایەکەوە نیگەرانی هەوڵ و هەژموونی ئەمریکا و تورکیان بەسەر دۆخی عیراق و هەریمدا و لەوەش زیاتر بەسەر پرسی نەوت و غاز و ئابوری و بازرگانی و پرۆژەکانیان، بە وەشاندنی ئەو گورزانە دەیانەوێت ئەو هەوڵانە پەک بخەن و ڕیگە لەوە بگرن هەژموونی ئیران، لە عێراق و هەریمدا لاواز بکرێت و زیاتر لەوەش دەیانەوێت کۆمپانیاکان ناچار بە کشانەوە بکەن و لەو ڕیگەیەوە گوشارەکانیان بۆسەر پیگەی ئابوری و سیاسی هەرێم زۆرتر و زۆتر بیت.

سەرئەنجام، ئەم ململانێیە کە هێرشی موشەکی و درۆنی، دەرهاویشتەیەکیەتی، بەجیا لە لایەنی سیاسی و رەوەندی ململانێی باڵەکان، بەوێنەی پاشماوەو دوکەڵی ململانێکانی رابردوو، بە ئاراستەی چنینەوەی دەستکەوتەکانی دوو دەهەی رابردوو لە عێراقدا درێژەی دەبێت...

## هەولێر یان پارتی لە پێشوازی زەلیلانەی ئەردۆگاندا!

سەردانی ئەردۆغان بۆ هەولێر و رازاندنەوەی شار و قەڵا بە ئاڵای تورکیا، وەک رەمزی هەولێر، لەلایەن پارتییەوە بۆ پێشوازی لە ئەدۆدغان، نابێ دوورو نزیک وەکو پێشوازی خەڵکی کوردستان و هەولێر لە ئەردۆغان لێک بدرێتەوە، بەپێچەوانەوە کاردانەوەی خودی خەڵکی کوردستان و نارەزایەتی خەلکی هەولیر بەو مامەڵەیەی پارتی بەڵگە و نیشانەی ئەوەیە کە هەولێر و قەڵا بەشیک نێن لەو پێشوازییەی پارتی رێکی خست. پارتی کە یەکێک لەپایەکانی راگرتنی باڵانسی لەبەرامبەر



بە یەکێتیدا و دووری گرتنی لەگەڵ ئێراندا، پەیوەندی بە پشتیوانی تورکیا لە پارتییەوە هەیە، هەمیشە پارتی ناچاری ئەوە کردووە، کە بەتەواوەتی خۆی بخزێنێتە ناو چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی توکیاوە. لەو نێوەدا پەیوەندی پارتی و تورکیا، و لەوەش زیاتر خۆشخزمەتی پارتی بە دەوڵەتی تورکیاوە بە جیگایەک گەیشتووە، کە پارتی ئامادەیە بی ئەمماو ئەگەر مەرامەکانی تورکیا نوێنەرایەتی بکات و لە خزمەتیدا رابوەستێت. ئەو پێشوازییەی پارتی لە ئەردۆغان و شاندەکەی و رازاندنەوەی شار و قەڵا بە ئاڵای تورکیایەوە وەکو رەمز و شکۆی هەولێر، زۆر لەوە چاوەروانکراوترە کە کەس توشی سەرسامی و رامان بکات.

ئەوەی کە پێویستە وەکو شکۆی هەولێر و قەڵا تەماشا بکرێت، کاردانەوەو نەفرەتی جەماوەری کوردستان و هەولێر و قەڵایە، بەو پێشوازییە شەرمئاوەرەی پارتی و نەفرەتە بەرووی سیاسەت و ملهوریەکانی تورکیادا لە هەرێمی کوردستاندا.

پێشوازی پارتی لە چاو و دیدی هەموو ئینسانێکی هوشیارو خاوەن ئیرادە ئازاددا، بەوێنەی پێشوازی نۆکەر و سەرباز، لە فەرماندە و سوڵتان بوو. ئەم جۆرە لە مامەڵەی پارتی هێندەی تر، نەفرەتی جەماوەری بەرووی پارتیدا هەڵخراندو جارێکی تریش ئەو راستیەی سەلماندەوە کە بەرژەوەندیەکانی پارتی و خەڵکی کوردستان، نەک هاوئاهەنگی یەکتر نیین، بەڵکو لە بەرامبەر بە یەکتریدا وەستاون...

# لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاری دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

• بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لەم ب'


• وێپشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

• درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

# بزووتنەوەی پشتگیری لە فەلەستین لە زانکۆکانی ئەمریکا...

## توانا حەمە نوری



بزووتنەوەیەکی رادیکاڵ بۆ پشتیوانی خەڵکی فەلەستین لە سەرانسەری زانکۆکانی ئەمریکا دەستیپێکردووە. دوای ئەوەی خوێندکارانی زانکۆی کۆڵۆمبیا بینایەکی زانکۆکەیان داگیرکرد، نارەزایەتی لە زیاتر لە ٤٠ زانکۆی تر بڵاوبۆیەوە. سەرەڕای ئەوەی پۆلیس هەوڵیدا بچێتە ناو کەمپەکە و نارەزایەتییەکە بشکێنێت، داگیرکاری ناو زانکۆی کۆڵۆمبیا دوای دە ڕۆژ هێشتا بەپەتەوی ماوەتەوە.

نارەزایەتی خوێندکاران، ئیدارەی زانکۆکانی ناچار کردووە بچنە ناو دانوستان لەگەڵ خوێندکاران، بۆ ئەوەی زانکۆکە دەستبەرداری هەموو ئەو کۆمپانیایانەی کە پارە و پشتیوانی دەوڵەتی ئاپارتایدی ئیسرائیل دەکەن ببێت. بزووتنەوەکە بە خێرایی بەرق پەرەی سەندووە. ڕۆژ دوای ڕۆژ خوێندکاری زیاتر دەچنە ناو بزوتنەوەکە.

لە نیویۆرک، سەرەتای ئەم هەفتەیە سەدان خوێندکاری ناڕازی لە گۆڵدا پڵازای زانکۆی نیویۆرک گردبوونەوە. ئەوان فەرمانی سەرۆک زانکۆکانیان پشتگوێ خست کە دەیانگوت ئەگەر بمێننەوە ڕووبەڕووی سزا دەبنەوە. لەکاتێکدا پۆلیس هەوڵی دەدا لە گۆڵد پلازا دووریان بخەنەوە، خوێندکاران بە وتنەوەی دروشمی جیاواز لە شوێنی خۆیان مانەوە.

لە پەیمانگای تەکنەلۆژیای فاشۆن (FIT)لە نیویۆرک، خوێندکاران ڕۆژی پێنجشەممە تووڕە بوون لەوەی سەرۆکی زانکۆکە هەوڵی قەدەغەکردنی گردبوونەوەی گروپەکەیانی داوە لە ناو زانکۆ. خوێندکارانی FITبۆ دادپەروەری لە فەلەستین (SJP)ڕایانگەیاندووە، سەنتەری گودمان بەجێناهێڵن تاوەکو داواکارییەکانیان جێبەجێ نەکرێن، کە ناویان ناوە مۆزەخانەی گەل. نارەزایەتییەکانی زانکۆی باشووری کالیفۆرنیا، بەڕێوەبەرایەتی زانکۆی ناچارکرد مەراسیمێکی زانکۆکە هەڵبوەشێننەوە، لە ترسی ئەوەی خۆپیشاندەران ڕێورەسمەکە تێک بدەن.

ڕۆژی چوارشەممە، خوێندکارانی زانکۆی براون لە ڕۆد ئایلەند ڕایانگەیاند کە چادرەکانیان ناگوازنەوە سەرەڕای ئەوەی سەرۆک زانکۆکان دەڵێن سیاسەتی زانکۆکە پێشێل دەکەن. سەرۆکی هەڵبژێردراوی دەستەی خوێندکاران وتی، "ئەوەی ئێمە دەیکەین مەترسییەکی زۆر کەمی هەیە بە بەراورد بەو شتانەی کە خەڵکی غەززە پێیدا تێدەپەڕن. ئەمە کەمترین کارە کە دەتوانین بیکەین. دەسەڵاتدارانی ئەمریکا هەوڵێکی جیددی دەدەن بۆ وەستاندنی نارەزایەتییەکە. خۆپیشاندەران و خوێندکاران قەناس بەدەستەکانیان بینی و وێنەیان گرت لەسەربانی بیناکان کە ئاماژەیان بە قەرەباڵغی زانکۆی ویلایەتی ئۆهایۆ و زانکۆی ئیندیانا بلومینگتۆن دەکرد. ڕۆژی چوارشەممە هێزێکی سەربازی بە سواری ئەسپ هێرشیان کردە سەر خوێندکاران لە زانکۆی تەکساس. پۆلیس بە جلوبەرگی سەربازییەوە ڕێپێوانیان کرد بۆ سەر کەمپی زانکۆکە بۆ ئەوەی هەوڵی ترساندنی خوێندکاران بدەن. بەگشتی ٣٤ خۆپیشاندەر لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراون و نزیکەی ١٠٠ خۆپیشاندەر زیندانیکراون. پۆلیس فیشەکی لاستیکیان ئاراستەی خۆپیشاندەرانی زانکۆی باشووری کالیفۆرنیا بەکارهێناوە و بەپێی زانیارییەکان خوێندکارێک بریندارە. خوێندکاران بە تەنیا ڕووبەڕووی سەرکوت نابنەوە؛ کرێکاران لە تەنیشت ئەو خوێندکارانە وەستاون کە وانەیان پێ دەڵێنەوە. سەدان کرێکاری زانکۆی کۆڵۆمبیا لەم هەفتەیەدا وەک هاوسۆزی لەگەڵ خوێندکارەکانیان چوونە دەرەوە. کۆمەڵێک کرێکاری زانکۆی تەکساس بەیاننامەیەکیان نووسیوە و ڕایانگەیاندووە کە بەشداری لە نارەزایەتی دەکەن لە کاتێکدا پۆلیس زانکۆکەیان داگیر دەکەن. خوێندکاران لە سەرانسەری جیهاندا ئیلهامیان لە نارەزایەتییەکانی ئەمریکا وەرگرتووە. لە کەمپەکانی زانکۆکانی بەریتانیا، فەرەنسا، تورکیا، ئیتاڵیا و ئوسترالیا نارەزایەتی هاوشێوەی تیا ڕوویداوە.

# بریا کێشەکە تەنها پۆشینی قەڵا بووایە بە ئاڵای تورکیا

## بنار مستەفا



سۆسیال میدیا تەنییەوە بە تانە و تووڕەیی، کاتێک بە بۆنەی ڕەجەب تەیب ئەردوغانی سەرکۆماری تورکیا قەڵای هەولێر بە ئاڵای ئەو وڵاتە پۆشرا. "نۆکەری"، "خۆ بە کەم زانین" و "لە خزمەتی دوژمنان" لە سەرنجە سەرەکییەکانی دەربڕینەکان بوون.

ئەو کارەی دەسەڵاتدارانی هەولێر کردیان، بۆ من چاوەڕواننەکراو و جێی سەرسوڕمان نەبوو. ئەو کاردانەوەیەی بەرانبەری ئەنجامدرا، بە تایبەتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، بۆ من زیاتر جێگەی تێڕامان بوو. وەک بلێی ئەجندا و کارنامەی دەسەڵاتدارانی کوردستان هێشتا بۆ زۆرێک ئاشنا نییە و بەم کارە تازە خەریکە ئاشکرا دەبێت.

دەسەڵاتدارانی ئێستای کوردستان، هەر لە سەرەتای دامەزراندنیانەوە وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی و بە تایبەتیش پاش گەشتنیان بە دەسەڵات، هەمیشە بەرنامە و ستراتیجی سیاسی خۆیان بە وڵاتانی دراوسێ و زلهێزەکانەوە گرێدابوو. لە پەیڕەوکردنی ئەم ستراتیجەیان درێغیان نەکردووە، کە بە کردووە مانای بە ئەنجامگەیاندنی سیاسەت و ئامانجی ئەو وڵاتانە بوون، کە سیاسەتی خۆیانیان پێوە گرێداوە. ئەوەی دەگوترێت "هەمیشە لە خزمەتی تورکیا و ئێران و ئەمریکا بوون" لە ڕاستای ئەم سیاسەتەوە سەرچاوە دەگرێت.

لە هەڵبژاردنی ئەم سیاسەتەیان، هیچ بەربەستێک و سنوورێکیان نەبووە. پێویست ناکات زۆر بگەڕێینەوە بۆ مێژوویەکی دوور، وەک ئەنجامدانی جەنگ لە بەرانبەر پەکەکە لەسەر داوای تورکیا و ڕێگەخۆشکردن بۆ هێرش بۆ سەر ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە نەوەدەکان و هتد. هەر لە چەند ساڵی ڕابردوو، چەندین هەڵسوڕاوی سیاسیی هەڵهاتووی کوردستانی ئێران و تورکیا لە کوردستان تیرۆرکراون. یادی کەسێکی وەک قاسمی سولەیمانی کراوەتەوە، لە کوردستان ڕێگریکراوە لە نارەزایەتی دەربڕین بەرانبەر بەم وڵاتانە. تەنانەت لە ٢٨ی ئەیلولی ٢٠٢٢ دەسەڵاتدارانی سلێمانی ڕێگەیان بە کۆبوونەوەی جەماوەری بۆ پشتیوانی لە خرۆشانی جەماوەری ئێران نەدا.

خزمەتکردنی وڵاتان و هێرش بۆ سەر دانیشتوانان لە پێناو هەمان ئامانجدا، نەک نوێ نییە، مێژووەکەی هێندەی مێژووی دامەزراندنی ئەم لایەنانەیە. بێ ئەم نۆکەرایەتییە دەسەڵاتدارانی کوردستان بەجیا لەوەی لە سیاسەت و ستراتیج خاڵین، هاوکات توانای درێژەدانی دەسەڵاتیان نابێت و بەرگەی نارەزایەتی خەڵکی ناگرن.

برِیا کاری نابەجێ و چاوەڕوان نەکراویان تەنها لە شێوەی پۆشینی قەڵای هەولێر بە ئاڵای تورکیا بووایە. بەڵام لە مێژووی کارنامەیان، ئەم شێوە کارە سادە و ساکارە. لە پێناو گەشتن بە ئامانجەکانیان و ڕازیکردنی وڵاتان، دەسەڵاتدارانی کوردستان چەندین تاوانیان بەرانبەر دانێشتوانانی خۆیان ئەنجامداوە و سەرکوتیان کردووە، بۆچی ئاڵای تورکیا نەخەنە سەر دیواری قەڵا؟

کاردانەوەکان و دەربڕینەکان بە جۆرێک دەکرێت ئەو مانایەی هەبێت، کە هێشتا چاوەڕوانییەک و خۆشباوەڕییەک بە دەسەڵاتدارانی ئێستا کوردستان هەبێت. پێویستە ئەوە ڕوون بێت، لە کوردستان دەسەڵات و خەڵکی بۆشاییەکی فراوان لە نێوانیاندایە و هیچی هاوبەشیان نییە. دەسەڵات نوێنەرایەتی خەڵکی ناکات و جەماوەری ناڕازیش کار بۆ کۆتاییهێنانی ئەم دەسەڵاتە دەکات. هەر جۆرە چاوەڕوانی و خۆشباوەڕییەک بە دەسەڵات، گەشتن بە ئامانجی جەماوەری ئەم ئامانجە دوادەخات.


خەباتی ئێمە لەپێناو یەکسانی و سڕینەوەی جیاکاری لەنێو کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکانی ئێستادا بەشێکی جیانەکراوەی خەباتێکی بەرینتر و بنچینەیی ئێمەیە بۆ ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و دامەزراندنی کۆمەڵگای یەکسان و ئازادی کۆمۆنیستی. کۆمۆنیستی کرێکاریی لەڕیزی پێشەوەی هەر خەباتێکی کۆمەڵایەتی لە دژی جیاکاری و نایەکسانیەکانی جیهانی ئەمڕۆدایە و باوەڕی وایە کە یەکسانیی حقوقیی هەمووان و باڵکێشانی یەکسانی یاساکان بەسەر هەمووواندا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز، ناسنامەی نەتەوەیی، دین، نەژاد، بیروباوەڕ، عەقیدە، کار و پیشە، پلەوپایە و ڕەگەزنامە و...تاد ئینسانەکان، دەبێ وەکو پرنسیپێکی لە شکان نەهاتوو و بنەڕەتی لە ڕیزی سەرەوەی یاساکانی کۆمەڵگەدا ڕابگەیەنرێت.

پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

# پرسی ڕۆژ: بەردەوامی دیاردەی ژنکوشتن لەهەرێمی کوردستان

## بەڕێز نیاز ساڵح فەتاح دەروونناس وچالاکوانی لەپرسی ژنان، وەڵامی پرسی ڕۆژی ژمارەی داوەتەوە...





لەم مانگەدا جارێکی دیکە پایتەختی کوردستان بەئاشکرا وبەشانازیکردن لەشەرەف وناموسی خێزان، نێرینەکانی ماڵی فەریرۆز ژیان لەفەریرۆز دەسەننەوە.

بەڕێز نیاز ساڵح فەتاح دەروونناس وچلاکوانی لەپرسی ژنان ئەم پرسەی بۆتاوتوێکردین.

**پرسی ڕۆژ: بەردەوامی دیاردەی مێینە کوشتن یان ژن کوشتن لەکوردستان بۆچی دەگێڕنەوە؟**

**نیاز ساڵح:** من پێم وایە ژن هێندە جوان و گەورەو پیرۆزە کە نەمانی دەبێتە کەلێنێکی زۆر گەورە بۆ ژیان. هەر ئەم بیروڕایەی من پێموایە دەمانگەیەنێت بەو ڕاستیەی ژن کوشتن بۆتە دیاردەیەکی هێندە قێزەون کە هەندێک لە نێرەکانی کۆمەڵگە ناتوانن ئەو جوانییە ببینن یان کوێردەبن وکۆتایی بەژیانی مرۆڤێک دەهێنن. پێموایە زۆربوونی ژن کوشتن دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دیدە پیاو سالاریەی کە باڵی بەسەر کۆمەڵگەدا کێشاوە کە هەمیشە ئەو نێرانەی کارێکی وا ئەنجام ئەدەن پێیانوایە هەمیشە خۆیان لەپێشترن وئەوانن خاوەنی خاوەنداریێتی ژن و خۆیان بە ئاقڵترو کامڵتر لە ژنێک دەبینن، جا ئەو ژنە دایکیان یان خوشکیان یان خێزانیان یان کچیان بێت. بەشێکی تر لە هۆکارەکان پێموایە ئەو ناهۆشیاریەی تاکە کە هەیەتی، وهەروەها پەروەردەی خێزان بەپلەی یەک دەبینم. کاتێک تاکێک لەناو خێزانێکی ناهۆشیارو پیاو سالاری و کێشەو شەرو ڕێز لەیەک نەگرتندا گەورە دەبێت، بێگومان تاکێکی شەرانگێزو ناخ ناشرین بەرهەم دێت. هۆکارێکی تر بیری توندڕەوی دژ بە ژنە؛ کە لە ئێستادا زۆر زیادی کردووە، کۆمەڵە کەسانێک کە خۆیان بەنوێنەری خەڵک و ڕاست دەزانن و وتەو وتار بۆ خەڵک دەدەن، ژەهری ڕق و بیری توندڕەوی لەناو کۆمەڵگەو بیری نێرەکانی تری کۆمەڵگەدا دەچێنن، و خەڵکانێکیش بە ڕاست و دروستی دەزانن و دەبنە پەیڕەوکەری ئە بیرە توندڕەوییە. هۆکارێکی تر؛ سیستەمی حوکمڕانی وڵات وحیزبایەتی دەورێکی باڵای هەیە کە هێندەی پرسی دیکەی بەلاوە گرنگە، هێندە پرسی ژنی بۆ گرنگ نییە. وەک دەبینین چەندان بکوژی ژن بەئازادانە دەسوڕێنەوەو ژیان دەکەن ودەسەڵات بێباکە وگوێی لێ نییە. بەشێکی تر لە هۆکارەکان پێم وایە میدیا و سۆشیاڵ میدیایە، لە ئێستادا هۆکاری سەرەکی و دەستی باڵای هەیە لە زیادبوونی دیاردەی ژن کوشتن. کە بێ فلتەرکردنی میدیا هەواڵەکانی تایبەت بە کوشتنی ژنان بڵاودەکرێتەوە، وبەبێ بوونی هیچ زانیاریەکی دروست، یەکسەر بە وتنی (پێ ئەچێ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی هەبێ) بۆیە کوژراوە! هەواڵەکەیان بڵاودەکەنەوە بێ گوێدانە بەها کۆمەڵایەیەکان، و بێ گوێدانە ئەوەی مرۆڤێک ژیانی لێسەندراوەتەوە. هەروەها شێوەی بەکارهێنانی سوشیاڵ میدیا کە پلەی باڵای هەیە بۆ بوونی تاوانی ژن کوشتن. دەبینین ڕۆژانە




چەندان کۆمێنت و قسەی نەشیاو دەخرێتە پاڵ ژن و زۆر ئاسان زانیاری ناڕاست و نادروست لەسەر ژنێک بڵاودەبێتەوە،و دەبێتە هۆکاری کوشتنی ژنەکە، یان کاتێکیش ژنێک دەکوژرێت زۆر بێڕەحمانە قسە لەسەر ژنەکە دەکرێت و ڕەوایەتی دەدەنە پاڵ کوشتنەکە، و دەستخۆشی لە بکوژ دەکرێت. زۆرجاریش بۆ ڕزگاربوونی بکوژەکە بەبیانووی ئەوەی باری دەروونی ساخ نییە وهەندێ ڕێگای تر، بەوجۆرە هەق ومافی کردنی کارەکە دەدەن بە نێرەکە. دواتریش نێرەکە زۆر بێباکانە دەڵێت پەشیمانم لەکوشتنەکە، قسەی خەڵک وایکرد ئەو کارە بکەم...تاد. بەم قسەیە قورسی تاوانەکە لەسەر خۆی سوک دەکات. لەهەمان کاتدا دەیەوێت ڕەوایەتی بەوە بدرێت کەنەزانانە کارەکەی کردووەو پێی کراوە! لەکاتێکدا هەرتاکێکی کامڵ دەزانێت هەڵەو ڕاست چییەو کارەکە نامرۆڤانەیە تا سەر ئێسقان هەڵەیە. ئەمانەو چەندان هۆکاری تر هەن لە کۆمەڵگەدا وادەکەن جوانیەکانی ژیان لەناو بەرن...لەهەمان کاتدا بەشێکی زۆر لە پیاو لەکۆمەڵگەدا هەن پشتیوانی تەواوی ژنن وهەوڵی تەواو دەدەن لەبەرەوپێشبردنی پرسی ژن و پشتیوانیان لێدەکەن، کەجێگەی دەست خۆشییە.

**پرسی ڕۆژ: چۆن دەکرێت بەربەو دیاردەیە بگیرێت؟ هەوڵەکانی تائێستا چی بووە بۆپرسی ژن کوشتن؟**

**نیاز ساڵح:** پێویست دەکات لە خێزان پەروەردەی دروست ڕەچاو بکرێت، تاک هەوڵی خۆهۆشیاری خۆی بدات، هەروەها حکومەت لەرێگەی سەپاندنی یاساوە، بکوژان لە ڕێگەی دادگاوە بەسزای خۆیان بگەیەنێت. لەهەمان کاتدا حکومەت چاودێربێت بەسەر کەناڵەکان وپەیجەکانەوەو کەناڵەکان فلتەری هەواڵەکان وبەرنامەکانیان بکەن. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە ڕێکخراوەکان بەردەوامبن لە فشار خستنە سەر دەسەڵات.

> میدیا و سۆشیاڵ میدیا، لە ئێستادا هۆکاری سەرەکی و دەستی باڵای هەیە لە زیادبوونی دیاردەی ژن کوشتن. کە بێ فلتەرکردنی میدیا هەواڵەکانی تایبەت بە کوشتنی ژنان بڵاودەکرێتەوە، وبەبێ بوونی هیچ زانیاریەکی دروست، یەکسەر بە وتنی (پێ ئەچێ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی هەبێ) بۆیە کوژراوە! هەواڵەکەیان بڵاودەکەنەوە، بێ گوێدانە بەها کۆمەڵاتییەکان، و بێ گوێدانە ئەوەی مرۆڤێک ژیانی لێسەندراوەتەوە....

# یەکی ئایار ڕۆژی نارەزایەتی و نەفرەتی چینی جیهانی کرێکارە، بە دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری...

هیچ لەوە ڕۆشنتر نییە، دنیای ئەمڕۆی ژێر سایەی سەرمایەداری، دنیای نابەرابەریەکی قوڵی ئابورییە. دنیای دزینی بەنەخشەی دەسترەنجی ئۆردوی چینی کرێکارە. دنیای جەنگ و تیرۆر و کوشتار، دنیای نائەمنی و بێکاری و گرانی، دنیای بێمافی و هەڵاواردن، دنیای سەرەوخوارە. دنیای کەڵەکەی سەرمایەو هەڵتۆقینی خێرای مۆڵتی ملیاردێرەکان و لەبەرامبەردا دنیا بەرین بوونەوەی خێرای هەژاری و نەبوونی و بێکاری و هێرشە بۆ سەر دەستکەوتەکانی پێشووی خەباتی چینی کرێکار و کۆمەڵگە. دنیای پشتکردنە بەها مەدەنییەکان و جێخستنی پۆستمۆدێرنەو ڕاسیزمی ئاشکرایی دەوڵەتییە.

دنیای ئەمرۆ دنیای هێزێکی بەرینی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێن و چەرخاندنی کۆمەڵگە چینی کرێکاری زوربە و کەمایەتیەکی مفتەخۆری خاوەن هۆیەکانی بەرهەمهێنان، چینی سەرمایەدارە. دەوڵەت و سوپا و جەنگ و... دەستێوەردانی سەربازی، هەڵاواردنی قەومی و ڕەگەزی، جنسی و ڕەنگی پێست، بەرامبەرکێی پێشبرکێی چەک و... تاد، هەموویان بەرهەمی ئەم نیزامەی سەرمایەداریین.

لێرە لە کوردستانیش، هەمان دنیا، دنیای زاڵمانەی... سەرمایەدارییە. دنیای نابەرابەری و قڵشتی بەرینی چینایەتییە. چینی کرێکاری بەرهەم هێنی زوربەو کەمایەتیەکی تەوەزەل کە دەستیان بەسەر هۆیەکانی بەرهەم هێناندا گرتووە... کۆمەڵگەیان بۆ زوربەی کۆمەڵگە کردۆتە دۆزەخ و ژیانی شاهانەو فیرعەونیان بۆ خۆیان، سازداوە. ئەوەی بەرهەم دەهێنی و کۆمەڵگە دەسازێنی، بینا و پارک و قوتابخانەو خەستەخانەو ڕێگاو بان و ئامرازەکانی ژیان و سەرگەرمی دروست دەکات، بازار پر کاڵا دەکات و بەرهەمی دوایین پێشکەوتنەکان دەخاتە بازاڕ... خۆی لێیان بێبەش و بەشێکی زۆر ناچیزی بەردەکەوێت و بەشی هەرە زەبەلاح و قەبەشی دەچێتە گیرفانی سەرمایەدارەکانەوە، تەنها بەو هۆیەوە کە دەستیان بەسەر هۆیەکانی بەرهەم هێناندا گرتووە.

ئەم نابەرابەرییە، سەرچاوەی دروستکردنی مێژووی ململانێیە، ململانێی چینی بەرهەم هێنی کۆمەڵگە لەگەڵ خاوەندارێتی تایبەتی و سەرمایەدا.

بۆرژوازی کورد لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، لە ژێر ناوی کۆتایی نەهاتنی کێشەی نیشتمانی و نەتەوەیی، هەرەشەی دەرەکی دوژمنانی کورد، هەموو هەوڵی ئەوەیە ململانێی چینایەتی لە قاڵبی بەرژەوەندی میللی و نەتەوایەتیدا بتوێنێتەوە و پەردەپۆشی بکات. لەوێشەوە شانی خۆی لە دابینکردنی سەرەتاییترین پێداویستیەکانی چینی کرێکار... لە پێداویستی رۆژانەی ژیارییەوە بۆ دابینکردنی ئامرازەکانی بەرگری لەخۆ کردن، خاڵی بکاتەوە. لەبەرامبەردا هەر ئەو بۆرژوازییە کە فرمیسک بۆ ئازادی نیشتمان دەرێژی و نارەحەتی لە هەرەشەی دەرەکی بەیان دەکات، بۆ ساتێک چییە واز لە تاڵانکردنی داهاتی و کوردستان، ناهێنێ. دەڵێن دژی هەرەشەی دەرەکیین، بەڵام دەستی دەرەکی و دوژمنانی کوردی!! هیناوەتە ناو قوڵایی کوردستان و نیشتمانەوە!! کەچی موچەی کرێکاران و کارمەندان بە پێوانەی بازار هێندە ناچیزە ژیانێکی سەخت و قورسی داسەپاندۆتە سەریان. مافی رێکخراوبوون و کۆبونەوەو خۆپیشاندان... ڕێگە لێگیراوە. شوێنی کار نائەمن و پێداویستیەکانی کار لەئاستی نەبوونیدان. ئۆردۆی بەرینی بێکاران و کەسانی ئامادە بەکار... لە بیمەی بیکاری بێبەشن. باسێک لە بیمەی تەندروستی و کۆمەڵایەتی نییە.

یەکی ئایار... ڕۆژی ناوتن و وەستانەوە بەرووی ئەو هەلومەرجەدایە. کرێکاران لە نیشتیمانی ئازادکراودا بن یان داگیرکراو، خاوەنی وڵات و دەوڵەت بن یان بێ دەوڵەت و وڵات... هێزی سەرەکی سەرچاوەی داهاتی کۆمەڵگەن. کرێکاران بەحەق نیشتیمانیان نییە، نیشتیمانی چینی کرێکار تەنها دەتوانێ سەر زەمینێکی بێ چین و چەوساندنەوە بێت...کۆمەڵگەیەک بێت کە خاوەندارێتی تایبەتی هەڵوەشابێتەوەو بووبیت بە خاوەندارێتی گشتی و هەموان بە پێی توانا کار بکەن و بەپێی پێویست لە داهاتی کۆمەڵگە بەهرەمەند بن.

یەکی ئایاری ئەمساڵ لە کاتێکدا بەرێوەدەچێت... کە بۆرژوازی کورد لە ئەزموونی دەسەڵاتەوە، تا ئیدارە، حکومەتداری و بازاڕ... شکستخواردووترین مۆدیلی بە پێوانەی بۆرژوازیش نیشانداوە... چینی کرێکار لەکوردستان لەبەرامبەر بۆرژوازییەکی کۆنەپەرست دایە. بۆژوازییەک هیچ نیشایەک لە شاری بوون و سەدەمی بوونی پێوە نییە. ئەم بۆرژوازییە ناتوانێت ڕێگای بازاڕێکی سەربەخۆ بۆ سەرمایە فەراهەم بکات، بەو هۆیەشەوە توانایی فەرمانڕەوایی یاسایی و نێودەوڵەتی نییە، و لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیش هەمیشە لەکێشەی سیاسیدایە ناتوانیت بازارێکی ئارامیش بۆ پیشەسازی و بەرهەمێنانی درێژخایەن و کەڵەکەی سەرمایە زامن بکات. ئەو چینە لە سەرمایەداری کورد سەرچاوەی سامان و ڕێگای کەڵەکەی سەرمایەکەی پشتی بە دزی و تاڵانی نەوت و فەرهودی سامانی ناوخۆیی کوردستان و چاو لەدەستی بەغدا بەستووە، هەڵگری نەخشە و پرۆژەی ئابوری و درێژ مەوداو سەربەخۆی نییە... هەر ئەوەشە وای کردووە، کەچینی سەرمایەدار لە کوردستان چینی کریکار وەکو چینێکی کۆمەڵایەتی و واقعیەتیکی بەرجەستە نەبینێ و لەوڕاستایەشدا، چاو لەهەموو ماف و ویستە سەرەتاییەکانی بپۆشێت.




چینی کرێکار لە کوردستان لە وەها واقعیەتیکدا ناچارە، لە خەباتی خۆیدا و بە ڕیزی ڕیکخراوبوونیەوە بۆرژوازی تەکان بدات و توشی ڕاچەنینی بکات. یەکی ئایار بوارێکە بۆ نیشاندانی توانایەکانی خۆی، خستنەرووی داخوازییەکانی، بۆیە پێویستە چینی کرێکار لە کوردستاندا بەراگرتنی چەرخەکانی بەرهەمهێنان لە کارگەکان و ناوەندە خەدەمییەکان، بە راگرتنی کار لە کێڵگەنەوتیەکان و گواستنەوەی، بە راگرتنی پاککردنەوەی شار، بەسرکردنی هاتووچۆ... نیشانی بدەن کۆمەڵگە بەبێ کاری بەردەوامی ئەوان لە جوڵە دەکەوێت و بۆگەن دەبێت...

بەرەسمی ناسینی مافی رێکخراوبوون و کۆبونەوە و مانگرتن، زیادکردنی موچە پێ بەپێی گرانی بازاڕ، بەهەمیشەیی کردنی گرێبەستە کاتییەکان، بیمەی بێکاری بۆ کەسانی ئامادەبەکار، داسەپاندنی یاساکارێکی پێشرەو... ئەو داخوازییە سەرەتاییانەن کە دەبێ لەم ئایارەدا بەدەستیەوە بگرن و بۆی تێبکۆشن....

**عەبدوڵا مەحمود**

**بەرەسمی ناسینی مافی ڕێکخراوبوون و کۆبونەوە و مانگرتن، زیادکردنی موچە پێ بەپێی گرانی بازاڕ، بەهەمیشەیی کردنی گرێبەستە کاتییەکان، بیمەی بێکاری بۆ کەسانی ئامادەبەکار، داسەپاندنی یاساکارێکی پێشرەو... ئەو داخوازییە سەرەتاییانەن کە دەبێ لەم ئایارەدا بەدەستیەوە بگرن و بۆی تێبکۆشن...**


بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان ڕێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای ڕەسام، ڕێبوار حەمە شەریف

## بۆ سەردەشت عوسمان/ شێرکۆ بێکەس



دوێنێ قەڵەمێک لەشێوەی کۆترێکدا
بەدەم شەق ژنەوە کوژرا .
دوێنێ کۆترێک لەشێوەی قەڵەمێکدا
بەدەم نووسینەوە کوژرا.
ئاسمان گریا و
وشە گریا و
شەقام گریا و
شعریش ڕەنگی هەڵبزرکا .
دوێنێ درەختێ لەشێوەی ڕۆژنامەدا
بەدەم جریووەوە کوژرا.
دوێنێ ڕۆژنامەیەک لەشێوەی درەختدا
بەدەم خوێندنەوەوە کوژرا .
وتار پژاو
هەواڵ ڕژا و
ستوون شکاو
خەویش سەربەرەو خوار کشا!.
ئەمرۆ باخان لەمەرگی جۆگەلەیەکدا
هەرهەموویان پژو پۆشی ڕەشیان پۆشیوە.
ئەمرۆ قەڵەم
لەگۆی زامی (( سەردەشت)) ێکدا
هەرهەموویان
بەسوور هاژەیان نووسیوە .
شار بێ ڕەنگ و
با بێدەنگ و
خوا دڵتەنگ و
تاوانیش بۆخۆی ڕائەکا

## خاتوو (ئەرخەوان عومەر)، و چەند وشەیەک لە گەوهەری ڕستەیەکیدا



شرۆڤەی: ڕێبوار حەمە شەریف

بەشی دووەم

خاتوون... ویستی وەک ژنێکی ئازاو و خاوەن بیرو بۆچۆنێکی سەربەستانە و بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە دژ بە هەر تاکێک کە بەمانا نامۆیە بوەستێتەوە. لە بیرو هزرێک کە لەو کۆمەڵگەیەدا وەکوو سوکایەتیەک بە ژنان و بێڕێزی کردن و ناو ناوتۆرەی جودا، بۆ بەکەمزانینی(ژن)، وەک ئەوەی ژن مرۆڤێک نییە. ئەوانەی کە دەبنە زۆرینە، ڕۆژانە وەک مێرووی (گەنە) ئاسا، خوێنمژن. گەر مێرووی (گەنە) لەسەرلاکی گیانداران خوێن مژێکبێت ئەوا ئەو جۆرو کەسایەتیانەش کە وا بەرەو زۆرینە وەک پیاوسالاری و پیاوانەی ناو کۆمەڵگەی کوردی، کە دەشێ وابێت لەڕێی زەکەرو ناوگەڵەوە بۆ سەر جەستەی خاتوونان تێبڕوانن! زۆرن و لەهەمان حاڵدا هەن و لە زیادبووندان. بێ مۆراڵی وگێل وگەمژەیی.. گەیشتۆتە ئاستێک مرۆڤ شەرم دەیگرێت بڵێت: کە من وەک تاکێکبم لەو گەمژەگەرییەی ئەوڕۆ. چونکە تا ئەوپەڕی ناوگەڵ پەرستی وهیچ و پوچی باڵی کێشاوە بەسەر دەنگ و ڕەنگ و هەر ئایدیایەکدا، کە مافی بیری هەر کەسێکە کە چۆن تێ بڕوانێتە ژیان و چۆن چۆنی کە دەبێت ئازادبێ. من پێموایە مافی خودی خۆیەتی و ژیان و ژینی خۆیەتی کە ئازادانە بیربکاتەوە، بەڵام دیسان، شەرمە کەبڵێیت: هەبوونم وەکو (ژن) و تۆش ئەی (پیاو) وەک مرۆڤێک هەیت، کە ناوت و بوونت وەکوو (پیاو)ە . بۆیە، من وئەوانەی" کە مرۆڤ دۆست، وخاوەن بیری سەربەستین وقوڵتر بۆ ژیان دەڕوانن. دەنگمان" دەخەینە پاڵ دەنگی.. ئەو ژنە ئازایە. گەر ئەوان" بۆ پێناسەی وشەیەک و (پاشگرێک)ی پڕ ناوێک لە ناو وناتۆرەی کە چەندە شورەیی بێت، ناو ناوزەندە بکرێن بە قەیرەو بێوەژن) و هەڵکشاوێکی ناو (تەمەن) و (کچی )ماڵەوە... ئەوا دەبێت وا تێڕوانین کە ئێمەش" تیاماندایە و بوونمان" زۆرررره.. دەکرێ و دەشێ ! با (ژنان) یش ناومان لێبنێن، یان گەر هەبوو ژنمان مرد بوو، هەقە و ئازایانە پێمان بڵێن: (بێوە پیاوە)، کە تەمەنمان هەڵکشا و ژنمان نەبوو خۆ ئەوانیش ئەتوانن" دیسان بڵێن تەمەن بەسەرچووی ناو ڕۆچوو و لە دەستچوو، (کەڵتە)، پیاوێکی ناو ساڵە.



لێرەدا ئەوەی دەمەوێت جارێکی تر باسی لێ بکەمەوە کە بە کۆتایی ئەو نووسینە کورت و پڕ بەهاو وشە سەنگین و تەنز ئامێزانەیە، کە خاتوو (ئەرخوان عومەر)ی بێدەگ نەکرد، و توانی وەڵامێکی لۆژیکیانە بداتەوە، دژ بە کەلتورێکی کەم فەرهەنگ و کەم دیدگاو بێئاگا، و کورت ڕووانین بێئەرزشکردن لە بوونی خاتوونان. هەڵبەتە دەبێت ئەوە لە بەرچاو بگرین کە دنیای گۆلۆبالیزم و سەرمایەدارش دەستێکی ڕۆڵێکی باڵای هەیە، نەک تەنیا دەرهەق بە نەتەوەی کورد، بگرە لە جیهاندا ئەو ئاڵوزی و ناسەقامگیریە لە پەرەسەندنێکی هەڵدێرو تێکشاندایە، بۆ لێکترازانی خێزان و تاک وەک کەسایەتی. چونکە دنیای سەرمایەداری و بەرژەوەندییەکانیان لەوێدا دەبیننەوە. هەر بۆیە خزاندنی تاقم و دەستەی چەتەو مافیای بەناو سیاسی یان دینی، ویستێکی سەرمایەدارانەیە کە لەو ڕێگەوە بتوانن تاک گەمژە بکەن و بیر یەخسیرکرێت تا هیچ کەسێک دەرفەتی ئەوەی نەبێت وەک خۆی و خودێکی

بۆ لاپەڕە 12...

## سەربوردەی وەهم

### شەماڵ بارەوانی



ئازیزەکەم،

ئێمە نەسەبمان دەچێتەوە سەر دیباجەی هەرزەگومانێک و

لە منداڵدانی دەهریبوونەوە هاتووین

ئێمە لە نەوەی تیۆرەگوناحێکی سەرسەرین و

تا بینەقاقامان نغرۆی پارادۆکس بووین

وەرە با لە پەراوێزی حەکایەتەکانی هەزار و یەک شەوە

چیرۆک بدەینە دەم چیرۆکەوە،

بەڵکو مەرگی شەهرەزادێکی تر دوا بخەین و

تووڕەیی نێرە شازادەیەک هێوربکەینەوە

لەشێوەی سێزیف گیرمان خواردووە لە نێوان سێوەکەی خوداوەند و تاتەبەردێکی مەزهەب

بەمیان لە بەهەشت دەرکراین و

بەویان دەمانێرنەوە هەمان شوێن!

دەبێ چەند میقاتی تری بوێت تا بۆ خودای بسەلمێنین کە ئێمە پاکیزەین

ئێستاش هەر دەڵێم چی دەبوو گەر خودا لە بری پەراسووی پیاو،

لە میهرەبانی خۆی دروستی کردباین؟

دەی با بگەڕێینەوە

بۆ دەرەوەی فەهرەستی مێژوو و

دامێنی یەکەم نوتفەی زەمەن

بڕۆینەوە سەر سنوورەکانی مەنفا و

لە ئاستانەی خورافەدا خۆمان فەنا فەنابکەین

بڕۆینەوە بۆ تخووبەکانی دۆزەخ و

دووبارە بە سێوێکی تری نەفرەتی خوداوەند تاقی بکەینەوە

ئێرە چیتر بۆ ئێمە دەست نادات

پڕبووە لە چەمکی گوناە و

لە سەربوردەی وەهم

ڕێگاکان هەموویان دەڕۆنەوە ماڵی سمێڵ

**************



# یادەوەری کوردی لەنێوان ئیلحاد و ئیماندا!

میژووی مرۆڤایەتی ڕەگێکی دووردودرێژی هەیە لە مەسەلەی ئیلحادو ئیمان دا، سەرەتا کاتی ململانی نێوان سروشت و مرۆڤایەتی لە قوناغی سەرەتایی بوو، مرۆڤەکان تەوتەمیان پەرەستووە، تەوتەم بە واتای مانگ، خۆر، ئاگر، سیمبولەکانی سروشت، لەبەر ئەوەی لەو قوناغە، مرۆڤەکان نەیانتوانیوە دیاردە فیزیاویەکانی سروشت ڕاڤە بکەن وەک باران و لافاوو بومەلەرزە، وەک ئاشکرایە قوناغی پێش دابەزینی ئاینە ئاسمانیەکان بت یان پەرەستووە، تا ئێستاش هیندونیزمەکان ولاتی هیندستان مانگا دەپەرستن وەک سیمبولی خودا! لەگەڵ هاتنی هەر سێ ئاینە ئیبراهمییەکە یەک لە دوای یەک سەرەتا تەورات و دوای ٥٠٠ ساڵ ئینجیل و دوای ٥٠٠ ساڵی دیکە قورئان وێرای ئەمە تەوژمی ئیلحادو بێ بروایی لە نێو کۆمەڵگای رۆژهەلاتی ئیسلامی دا بوونی هەبووە، کەسە دیارە بێ برواکان وەک حەللاج و ئەبی عەللاء مەعەری تەنانەت جەلال دین رومی لە ژێر کاریگەری شەمسی تەبریزی لە پیاوێکی واعزی ئاینی یەوە وەرگەڕایە سەر نووسینی شێعر و توانەوەی میتافوری لە نێو چەمک و دەسەلاتی خودا وەک چەمکێکی ماتریالی.

ئەگەر باسی سەدەی نوزدەو بیست بکەین کە تیایاندا چەندین فەلسەفەی ئیلحادی سەری هەڵداوە لە وانە ئیکستانسیالیزمی ئایدیالیستی لەسەر دەستی کیرکیغارد دواتر ئەم فەلسەفەیە ئاراستەیەکی ماتریالیزمی ئیلحادی وەرگرت لای فەیلەسوفی ئەڵمانی نیتشە خاوەنی بیروکەی کونەپەرەستی بۆ نموونە (ئەگەر چووی بۆ لای ئافرەت قامچی یەکەت بیر نەچی) هەروا ( مروڤی سوپەرمان و مردنی چەمکی خودا ).

لە کۆتاکانی سەدەی بیستەم جان بۆل سارتەر دریژەی بەم تەوژمە فەلسەفی یە دا لە ژێر ئاراستەی بێ باوەری، سارتەر فوکوسی لەسەر کاتی هەنووکەیی کرد، رابوردوو ئایندە وەک چەمک لای گرنگ نەبوو، هەر لەسەدەی بیستەم لای نووسەریکی وەک ئەلبیر کامۆ، فەلسەفەی پووچگەرایی سەری هەڵدا، کامۆ پێ وابوو پروسەی ژیان بریتی یە لە خەتێکی ڕەشی نێوان دوو بۆشایی، بوشاییەکان پێش و پاش مردن.

ئەگەر بێنە سەر یادەوەری کوردی لە گەڵ سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام دا و هێرش کردنیان بۆ سەر خاک و کۆمەڵگای کوردستان، کومەڵگای کوردستان بەخۆشی بێت یان لە ژێر فشار بونەتە ئیسلام، تەژمی ئیلحادی لە ناو کورد و لەسەر خاکی کوردستان تا سەرەتای سەدەی بیستەم بوونی نەبووە، خەڵکی کوردو خاکی کوردستان زیاتر جیگای تەکیەو خانەقاو و مزگەوت و پێگەیاندنی فەقی بووە لە حوجرەو مزگەوتەکان بە تایبەتی لە نێو مەزهەبی سونەی شافعی، تائێستاش شیخەکانی کوردستان بەتایبەت تەریقەتی قادری و نەقەشبەندی وەک ئەڵقە لە گوێی دەسەلاتی سیاسی جیهانی (متعهد) بوونە کە ئەرکی ئاینی لە کوردستان پەرەی پێ بدەن، جێگای داخە ئەرکە ئاینی یەکەش زیاتر بۆ پتەوکردنی پێگەی کۆمەلایەتی خۆیان بووە زیاتر لە نێو خزم و خیش و عەشیرەت ئەرکی خۆیان بە جێ گەیاندووە نموونەی شیخەکانی هیران!

کاتێ ئەم شیخانە ئالیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ دەسەلاتی سیاسی جیهانی دا چ لە ئاستی هەریمایەتی یان لەسەر ئاستی جیهانی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ پەیڕەویان کردووە، زەمینەی کۆمەلایەتی و مۆراڵیان لە بار بووە کە تەکلیفیان لێ بکەن کە بە ئەرک و پەیامی نەتەوایەتی هەڵسن نموونەی شیخ مەحمودی نەمر و شیخ ئەحمەدی بارزان یادیان بە خەیر بێ! تەنانەت پەیڕەوی ناوخۆی حزبە ناسیونالیستەکانی کوردستان قووچەیی (هەرەمی ) و پیرامیدی بووە، ئەم شیوە دابەش کردنەی دەسەلات لە بوارە ئاینی یەکە سەری هەڵداوە، پەیوەندی نێوان شیخ و موریدەکان وەک پەیوەندی نێوان سەرکردەو ئەندامان بووە ( وێڕای جیاوازی ) زەمەنی نێوان ئەم دوو پەیامە، پەیامی ئاینی و پەیامی ناسیونالیستی بۆ نموونە لە کوردستان بەرەی شورش و بەرەی دژە شورش دابەش ببوون بەسەر شیخ و سەرۆک عەشیرەتەکان جێگای باسە بزوتنەوەیەکی ماتریالی، زانستی، مودرێن و دەزگایی بوونی نەبووە تا وەکو هاتنی حزبی شیوعی عیراق لە ساڵی ١٩٣٤ ی مانگی ئادار، حزبی شیوعی عیراقیش دامەزراندنەکەی هاوزەمان بووە لەگەڵ حزبی تودەی ئیران ١٩٢١ و حزبی شیوعی سوری و لوبنانی و فەلەستینی و ناوچەی روژهەلاتی ناوین بە گشتی، لە کۆبوونەوەی کومنترن کە تایبەت بوو بە بەشداری حزبە شیوعیەکانی روژهەلات و ناوچەی عەرەبی تیایدا تاوتۆی ڕێ و ڕەسم و سیاسەت و ستراتیژی ئەم حزبانە کراوە، بە واتایەکی دیکە حزبی شیوعیش تا ڕادەیەک سەربەخۆ نەبووە، پەیدابوونی حزبی شیوعی عیراق و حزبە شیوعیەکانی ناوچەکە بەرهەمی سەرکەوتنی شوڕشی ئەکتوبەر بوو کە سەرکەوت بە سەر تیزاری روسیای ئەوسا، کەواتە لە کوردستان ئێمە لە بەرانبەر دوو بەرەدا بووین لایەنگرانی حزبی شیوعی و هەوادارانی پارتی کە لە دوای جەنگی جیهانی دووەم هاتە کایەوە، شایانی باسە ئەم دوو تەوژمە مەرجەعی دەسەلاتی جیهانیان جیاواز بوو، هەر بۆیە هەمیشە ململانی و شەرە دەنووک و تەنانەت براکوژی لە نێوانیان دا هەبوو لەبەر ئەوەی لە لایەن دوو مەرجەعی دەسەلاتی سیاسی جیاوازەوە وەک داش دامەوەو سەربازی شەترەنج جولێنراون !

بابێنە سەر کروکی بابەتەکەمان، کەواتە بیری ئیلحادی گەرچی پێشتر تاک و تەرا هەبووە، بەلام لەگەڵ هاتنی حزبی شیوعی عیراق، بیرو فەلسەفەی ماتریالی ئیلحادی پەیدا بوو، یادەوەری عیراقی عەرەبی و یادەوەری کوردی ئاشنای ئەم بیرە بوون، گەرچی حزبی شیوعی لەسەرەتادا لە نێو توێژی خوردەبورژوازی بە مامۆستایان و فەرمانبەرانەوە گەرای دانا بوو دواتر پەل و پۆی هاویشتووە بۆ ریزی چین و توێژەکانی دی بەتایبەتی چینی هەژاران و زەحمەتکێشان، گەرچی حزبی شیوعی سەر بە مەرجەعی سیاسی و دەسەلاتی یەکیتی سوڤیەت و سەربازگەی سوسیالیستی بوو، بەلام پەیام و بیرۆکەی حزبی شێوعی سەرنج ڕاکێش و سەرسوڕهێنەر بوو بە تایبەتی چارەسەرکردنی مەسەلەی هەژاران و دابین کردنی یەکسانی و چارەسەرکردنی کێشەی ئافرەتان و لاوان و توێژەکانی دیکە، حزبی شیوعی هەمیشە سەندیکای سوور و رێکخراوی پیشەیی تایبەتی هەبووە بۆ چین و توێژەکانی کۆمەڵگای عیراقی و کوردستانی، لێرەدا نکولی لێ ناکرێ کە بە هۆی حزبی شیوعی عیراقەوە بە کەرتی عیراقی و کوردی یەوە بوو ئەدەبیاتی حزبی شیوعی بەتایبەتی وەرگێڕانی پەرتووکەکانی مارکس و ئینگلس و لینین بۆ زمانی شیرینی کوردی، توێژی خۆردەبورژوازی کورد ئاشنای تیئوری مارکسیزم و دانراوەکانی لینین بوون، لەساڵی ١٩٧٠ بۆ بەرگە گرتن بە پەرەسەندنەکانی حزبی شیوعی لەسەر ئاستی عیراق و کوردستان، مەرجەعێکی دیکەی دەسەلاتی سیاسی جیهانی ئیحای بە توێژی خوێنەرانی ناو پارتی دیموکرات دا بە تایبەتی باڵی مەکتەبی سیاسی کە ڕێکخراوی کۆمەڵەی مارکسی لینینی پێک بهێنن بە شێوەیەکی نهێنی کە دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ کومەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ئەمانیش ئایدیاو دروشمەکانیان سەرنج ڕاکێش بوو بە تایبەتی بۆ توێژی خۆردە بورژوازی کوردستان، لاوانێکی زۆری کورد بوون بە کۆمەڵە ڕاستگۆیانە و لێبڕاوانە داکۆکی یان لە ڕێبازەکەیان کرد، دوای هەرەسی ١٩٧٥ ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٧٦ یەکیتی نیشتمانی دامەزرا، داینەمۆی ڕاستەقینەی ئەم جولانەوەیە ڕێکخراوی کۆمەڵە بوو، ئەوە بوو ڕێکخراوی هەڵوی سوور لە شاری بەغدا تەقەیان لە کاربەدەستانی رژیم کرد دواتر گیران و شەهید کران بە سەرپەرشتی مولازم جوامێرهەروا یەکی لە شەهیدەکان خەڵکی خانەقین بوو بە نێوی سەلام عبدالرزاق برای بەریز کاک عەباسی ڤدیۆ، لەکاتێکدا حزبی شیوعی بەرەی بەستبوو لەگەڵ ڕژیمی بەعس دا بەلام حزبی بەعسی فاشی خیانەتی لێکرد و ٣٠ ئەندام لە ریزەکانی سوپا بە ناهەق شەهید کران و لەسیدارە دران، ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٧٨- ١٩٧٩ حزبی شیوعی بە نوینەرایەتی هەریمی کوردستان هاتە ریزی خەباتی چەکدارییەوە، کەواتە مارکسیزم وەک کچیکی جوان و سەرنج ڕاکێش و دڵبەر، مەبەستم ئایدیای مارکسیزمە دوو دڵداری هەبوو، لەلایەک ئەندامانی حزبی شیوعی لە لایەکی دیکە ئەندامانی ڕێکخراوی کۆمەڵەی ڕەنجدەران، وەک پێشتر ئاماژەم پێ دا لەبەر ئەوەی ئەم دوو ڕەوتە سەر بە دوو ڕەهەندو مەرجەعی سیاسی جیاواز بوون، بەداخەوە شەڕ کەوتە نێوانیان، باشترین لاوانی شوڕشگێڕ لە هەردوو لا شەهید بوون، گەرچی بەشی شێری زیانەکان بەر ئەندامان و لایەنگرانی حزبی شیوعی کەوت !

ئێستاش یادەوەری کوردی لە نێوان ئیلحادو ئیمان لە نگەری گرتووە، بە پێ مەرجەعە سیاسی یە جیهانیەکان یادەوەری کوردی گۆڕانی بەسەر دێت، وەک لە دەستووری ئەمریکا نووسراوە نابێ هاوڵاتی ئەمریکی بڵێ مولحید و بێ ئیمانم، دەکرێ بڵی ئەگنوستیزم ( بەواتای نازانم ) هەر وەک چۆن خوێندنی فەلسەفەی مارکسیزم تا شەستەکانی سەدەی بیستەم لە زانکۆکانی ئەمریکا قەدەغە بوو، هەرچەندە مەرجەعە سیاسی یە جیهانیەکەی دیکە کە یەکیتی سوڤیەت بوو سەرەتا ئاتەئیست بوو بەلام دوای هەرەسی ئەزمونی دیاریکراوی سوسیالیزم بایان دایەوە بەلای زیندووکردنەوەی لایەنی روحی کومەڵگا و بیری میتافیزیکی وەک لە شاشەی تیڤیەکان دەیبینین پوتین سەردانی کلێسەکان دەکات و خاچی کریستیانەکان ماچ دەکات، کۆچکردوو کاک نەوشیروان بەم ساڵانەی دوایی لە بزوتنەوەی گۆڕان هەمان کاری دەکرد کە قورئانی ماچ دەکرد، کەواتە مەسەلەی ئیمان تایبەت نییە بە یادەوەری کوردی بەلکۆ مۆدێلێکی جیهانی یە .

**نووسینی/ هاوڕێ نەهرۆ - ئۆسلۆ**

**٢٤ / ٤ / ٢٠٢٤**



# یەکێتیی کۆمۆنیستی ئەناتۆمی لیبراڵیزمی چەپ

# مارکسیزم و پراکتیکی شۆڕشگێڕانە:

# دەربارەی میتۆدۆلۆژیی لێنین{١}

## بەشی چوارەم

لێنین لە ساڵی ١٩٠٥دا بە جۆرێک لە مەنشەڤیکەکانی دەڕوانی، وەک ڕەوتێک کە لە درێژەی سروشتی و مەنتیقی ئیکۆنۆمیزم و مارکسیزمی عەلەنیدایە. ئەو لە بارەی ڕۆشنکردنەوەی جیاوازیی نێوان بڕیارنامەی کۆنگرەی بۆڵشەڤیکەکان و کۆنفرانسی مەنشەڤیکەکان، بە تایبەتی لە شێوازی هەڵوێستگرتن لە دەوڵەتی شوڕشگێڕی کاتی لە شۆڕشی ١٩٠٥دا، بە دروستی پەنجە لەسەر ڕیشەی میتۆدۆلۆژی ئەم جیاوازییانەی نێو سۆسیال دیموکراتەکانی ڕووسیا دانا.

"ئەمە بە دروستی هەمان ئەو جیاوازییەیە کە ماوەیەکە مارکسیستەکانی ڕووسیای بۆ دوو باڵ دابەش کردووە. لە دەورەی کۆندا "مارکسیزمی عەلەنی" وەک باڵێکی موعجیزەگەر، لەبەرامبەر باڵی تێکۆشەر و سیاسیدا ڕاوەستا، وە لە سەردەمی سەرهەڵدانی بزووتنەوە جەماوەرییەکاندا ئەم جیاوازییە لە شێوەی هەردوو باڵی ئیکۆنۆمیستی و باڵی سیاسیدا، شکڵیان گرت، بەتایبەت کە هەردووکیان لە یەک پێشینەی دروستی مارکسیستییەوە بۆ ڕیشە قووڵە ئابوورییەکانی خەباتی چینایەتی بە گشتی و خەباتی سیاسی بە شێوەیەکی تایبەتی دەیان ڕوانی. ئیکۆنۆمیستەکان ڕاستەوخۆ ئەو ئەنجامەیان دەگرت کە ئێمە دەبێ پشت بکەینە خەباتی سیاسی و فراوانبوونەوەی خاو بکەینەوە و دامێنەکانی سنووردار و ئامانجەکانیشی بهێنینە خوارەوە. بەڵام ئێمە باڵی سیاسی، بە پێچەوانەوە لە هەمان پێشینەوە ئەنجامگیرییەکی تەواو جیاوازمان بەدەستەوە گرت. ئەویش ئەوە بوو کە هەرچی زیاتر خەباتێک کە ئێستا لە برەودایە قووڵ بکەینەوە. ئێمە دەبێ بە هەمان ئاست فراوانتر و ڕاوەستاوانەتر و لێبڕاوانەتر و بە داهێنان و توانایی زۆرەوە ئەم خەباتە بەرەو پێش بەرین. لە ئێستاشدا دیسانەوە ئێمە لەگەڵ هەمان ئەم جیاوازییەدا بەرەو ڕووین، بەڵام لە هەلومەرجێکی تر و لە شێوەیەکی تریدا. ئێستاش جیاوازییەکە لەو پێشینەیەوە دەست پێ دەکات کە دەڵێت شۆڕشی دیموکراسی ڕاستەوخۆ شۆڕشی سۆسیالیستی نییە و ئەوە تەنها هەژاران و بێبەشان نین کە لەم شۆڕشەدا "قازانج" دەکەن. ئا لەم حوکمەوە بوو کە ئەم شۆڕشە (شۆڕشی دیموکراتی) بە قووڵی ڕیشەی لە پێداویستییە بەرپێ نەگیراوەکانی گشت کۆمەڵگەی بۆرژوازیدایە. ئێمەش لە هەمان ئەم پێشینەیەوە ئەو ئەنجامە دەگرین کە چینی پێشڕەو پێویستە ئامانجە دیموکراسییەکانی خۆی هەرچی بەرجەستەترە فۆرموولە بکا و هەرچی ڕۆشنتر و کامڵترە بیخاتە ڕوو. دروشمی دەستبەجێی دامەزراندنی کۆمارێک بخاتە ڕوو. هاوکات بیرۆکەی پێویستیی هێنانەسەرکاری حوکوومەتێکی شۆڕشگێڕی کاتی و تێکشکاندنی بێڕەحمانەی بەرەی دژی شۆڕش، بە فراوانی لەنێو جەماوەردا پەرەپێ بدات. نەیارانی ئێمە، گروپی ئیسکرای نوێ، دروست لە هەمان پێشینەوە ئەو ئەنجامە دەگرن، کە نابێ ئەنجامگیرییە دیموکراتییەکان بە شێوەیەکی کۆکراوە بخرێتە ڕوو، لەنێویاندا دروشمی کۆماری، کە ئەتوانێ درووشمێکی عەمەلی بێت، لە دەستوور دەردەکێشن. هەروەها دەڵێن دەبێ ئێمە خۆلابدەین لە جەماوەریکردنەوەی بیرۆکەی پێویستیی هێنانەسەرکاری حوکوومەتێکی شۆڕشگێڕی کاتی. ئەم گرووپە باوەڕی وایە کە بڕیاردان لەسەر پێکهێنانی شوورای دامەزرێنەران ئەتوانێ سەرکەوتن بڕیار بدا و لێرەشەوە بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن کە ئەرکی ڕووبەڕووبوونەوە و ڕاوەستانەوە بەڕووی بەرەی دژی شۆڕشدا ئامانجێکی چالاکی ئێمە پێک ناهێنێ، ئەم جیاوازییانەش ئەکرێ لە یەک ئاماژەی نارۆشندا (هەر وەک چۆن لە فۆرموولە هەڵەکانیاندا بینیمان) بۆ "پرۆسەی خەباتی ڕووبەڕوو" بخنکێندرێ و بتۆێندرێنەوە. ئەمە ئیتر زمانی ڕابەرانێکی سیاسی نییە. بەڵکوو زمانی یەکێک لە لیژنە پەککەوتەکانی چاودێرانی ئەرشیڤە!" (لێنین دوو تاکتیکی سۆسیال دیموکراتەکان لە شۆڕشی دیموکراتیدا ... بەرگی ٩، لاپەڕە ٤٠–٤١، هێڵی جەخت لە ئێمەوەیە. کەوانەکان لە دەقەکەدایە.)

ئەمە ئەو بەڵگانەیە کە لێنین بەهۆیەوە "بەرئەنجامە سیاسییەکان"ی مارکسیزمی عەلەنی و ئیکۆنۆمیستەکان و مەنشەڤیکەکان "پەسەند ناکات". ئەوەشی کە هەر لە سەرەتاوە سەرنج ڕادەکێشێت ئەوەیە، کە لێنین نە تەنها هیچ ئاماژەیەک، نە لێرەدا و نە لە تەواوی کتێبی "دوو تاکتیک"دا، بە جیاوازی بۆچوونەکان لە شیکردنەوەی فۆرماسیۆنی ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕووسیادا ناکات، بەڵکوو لە پێناو بەرجەستەکردنەوەی جیاوازییە بنەڕەتییەکاندا، یانی جیاوازییەک کە لە بواری میتۆدۆلۆژیی دەخاڵەتگەرانەی بۆڵشەڤیزم و جێگای خەباتی پەیگیری سیاسی بۆ گرتنی دەسەڵاتی سیاسی، پێداگری دەکاتەوە، ئەمە سەرەڕای چاوپۆشیکردن لەو ئاستە لە هەبوونی لێکچوونی پێشینە و لێکدانەوە ئابوورییەکان، کە لە نێوان هەموو باڵەکانی سۆسیال دیموکراسیدا هەیە. بەم جۆرەش جیاوازییەکان بە تەواوی بەو بەرئەنجامە سیاسی و عەمەلییانەوە گرێ دەداتەوە کە لە پێشینە و شیکردنەوەی هاوشێوەوە بەدەست هاتوون. گەر میتۆدۆلۆژیی تایبەتی لێنین "بە شێوەیەکی تر" بێت، کە بەپێی قسەی یەکێتیی کۆمۆنیستی لە ئابووری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ڕووسیاوە بۆی دەڕوانێت، ئەوا لێنین لەم جۆرە میتۆدۆلۆژییە بێ ئاگایە. بە پێچەوانەی یەکێتیی کۆمۆنیستییەوە، ئەوە لێنینە کە پێداگری دەکات لەوەی هەموو سۆسیال دیموکراتەکانی ڕووسیا بناغە ئابوورییەکانی شۆڕشی دیموکراسیی ڕووسیا و خەسڵەتی بۆرژوازیبوونی ئەم شۆڕشە و توانایی و جیاوازییەکانی لەچاو شۆڕشی سۆسیالیستیدا، کەم تا زۆر، وەک یەک و "دروست" لێک داوەتەوە، بەڵام بۆڵشەڤیزم لەسەر ئەنجامگیرییە سیاسی و عەمەلییەکان کەوتۆتە بەرامبەر مەنشەڤیزمەوە. ئەمەش ئیتر دەرکەوتنەوەی جیاوازییە کۆنەکانی نێوان باڵی سیاسی و تێکۆشەر و بۆڵشەڤیکەکانە، لەگەڵ باڵی ئاکادیمیستی و ئیکۆنۆمیستەکاندا، کە هەردوو ئەمانەش لەگەڵ مەنشەڤیکەکاندا لە یەک خاڵدا هاوبەشن: خۆلادان لە هەڵوێستگرتنێکی چالاکانە لە شۆڕشی دیموکراتی و خەباتی سیاسی، هەروەها پشتکردن لە مەسەلەی ئاڵوگۆڕپێدانی دەسەڵاتی سیاسی لە شۆڕشێکی ناسۆسیالیستیدا و سپاردنی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی بە بۆرژوازی و فەرامۆشکردنی پێداویستییە حەیاتییەکانی پرۆلیتاریا، یانی ئەوەی کە خواستە دیموکراسییەکان تا ئەوپەڕی پەرەپێ بدرێ و بە ئەنجامی مەنتیقی خۆی بگات، کە بریتییە لە دەستڕاگەیشتن بە حوکوومەت و کۆمارێکی دیموکراتیک. حوکوومەتێک کە پێویستە تەنانەت بۆ کەسێک ئەگەر بە ڕاستی دیموکراسی دەوێت، تا وەک ئامرازێک بۆ سەرکوتی دوژمنانی دیموکراسی بەکاری بەرێ. لێرەدایە لێنین ڕاستەوخۆ یەکێتیی کۆمۆنیستی بانگەواز دەکات. کەسانێک بانگەواز دەکات کە لە "سەرمایەداربوونی" ئێران بەپێی خشتەکانی خۆیان، بەو بۆچوونە پووچە دەگەن، کە دەڵێ "لە شۆڕشی سیاسیدا، دەسەڵات لەنێوخۆی چینی دەسەڵاتداردا، لە توێژێکەوە بۆ توێژێکی تر دەگوێزرێتەوە"، کەسانێک کە هەوڵدان بۆ کردەی ڕابەریی پرۆلیتاریا لە شۆڕشدا بۆ دیموکراسی، بە بیانووی ژێربینای ئابووری و نۆرەی مێژوویی چینەکانەوە، بە هەڵەدا دەبەن و هەر لە سەرەتاوە بەڵێن بە بۆرژوازی دەدەن کە لەم خەباتەدا بۆ دیموکراسی کاریان بەسەر حوکوومەتەوە نابێ و لە "ئۆپۆزیسیۆن"دا دەمێننەوە، حوکوومەتێک کە گرنگترین فاکتۆرە بۆ زامنکردن، وە یان ژێرپێنانی دیموکراسی. جیاوازیی نێوان بۆڵشەڤیزم و مەنشەڤیزم لە شۆڕشی دیموکراسیدا، بەر لەوەی جیاوازییەک بێت لەسەر شیکردنەوەی فۆرماسیۆنە کۆمەڵایەتییەکان لە حاڵەتی شۆڕشدا، بەڵکوو جیاوازییەکە لە دەرککردنی میتۆدۆلۆژیی مارکسیستیی لێکدانەوە و پراکتیکدا. بێگومان لێرەوە دەبێ بۆ خودی مارکس بگەڕێینەوە، بەڵام گەڕانەوەیەک نە بۆ ڕەخنەی ئەو لە ئابووریی سیاسی، بەڵکوو بۆ ڕەخنەیەک کە لە ماتەریالیزمی میکانیکی و جەبرگەرایی و یەکلایەنەی پێش خۆی هەیەتی. لێنینیزم دەرکەوتەی بەکردەوە و درێژەپێدەری ئەم ڕایەڵە دیاریکراوەیە لە بیری مارکسیستیدا. یانی ماتەریالیزمی دیالێکتیکی، ماتەریالیزمێکی چالاک و دەخاڵەتگەر کە جێگای ڕاستەقینەی پراتیکی شۆڕشگێڕانە لە ئاڵوگۆڕپێدانی کۆمەڵگەدا دەناسێ و سیمبۆل و داکۆکیکەر و لایەنگری فیکری و عەمەلیی ئەو تێزانەیە کە مارکس دەربارەی فۆیەرباخ وەک سیما تایبەتی و جیاکەرەوەکانی بیری شۆڕشگێڕانە لە بواری ڕەخنەیدا لە فەلسەفەی سکۆلاستیکی خستوویەتییە ڕوو.

**درێژەی هەیە**

# کەلتوور و ئایدۆلۆژیا و ئەخلاق

چەوساندنەوە و جیاکاری و بێمافیەکی ئاوا لەڕادەبەدەر و بەشێوەیەکی ئاوا زەق و ئاشکرا، بەبێ تەسلیم بوون و ڕەزامەندیی خودی کۆمەڵانی بەرینی چەوساوە و بە ڕەوا لەقەڵەمدانی ئەم پەیوەندیە چەوسێنەرایە لە زەینی خودی قوربانیانیدا ناتوانێ خۆی بە پێوە ڕابگرێ. پاساوکردنی ئەم هەلومەرجە و، بە ئەزەلی و ئەبەدی لە قەڵەمدانی و، ترساندن و سڵەماندنەوەی ژێردەستانی کۆمەڵگە لە یاخیبوون لە دژی ئەم پەیوەندیانە، ئەمانە ئەرکەکانی ڕووبینای فیکریی و کەلتووریی و ئەخلاقییە لەم کۆمەڵگەیەدا. جبەخانەی کەلتووریی و ئەخلاقیی بۆرژوازی لە دژی ئازادی و ڕزگاریی ئینسان یەکجار گەورە و سەرسوڕهێنەرە. بەشێک لەم ئامرازانە لە چاخە کۆنەکانەوە بە میرات ماونەتەوە، بەڵام بە پێی پێداویستیەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوایی ئارایش و دەمەزەرد کراونەتەوە. دین و مەزهەبە جۆراوجۆرەکان، سۆز و دەمارگیریە ئەخلاقیە ساویلکانەکان، ڕەگەزپەرستی، نەژادپەرستی، پیاوسالاری، هەموو ئەمانە بەدرێژایی مێژوو چەکە فیکری و کەلتووریەکانی چینە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگە بوون بۆ کپکردن و ملکەچکردنی جەماوەری زەحمەتکێشی. کۆمەڵگە. هەموو ئەمانە بە بەرگی تازە و توانای تازەوە، لەسەردەمی ئێمەدا خزمەت بە پارێزگاری کردن لە خاوەندارێتی و دەسەڵاتدارێتی بۆرژوایی دەکەن لە مەترسی هۆشیاربوونەوە و وریابوونەوە و ڕەخنەی چینی کرێکار و کۆمەڵانی چەوساوە.

بەڵام ئەوەی کۆمەڵگەی بۆرژوایی خۆی لەمەڕ ئامرازە فیکری و کەلتووریەکانی یەخسیرکردنەوە دایهێناوە زۆر لەمانە مەزنتر و کارامەترە. قازانج پەرستیی فەردیی و ڕکابەرایەتی، واتە لۆژیکی هەڵسوکەوتی بۆرژوا لە قەڵەمڕەوی بازاڕدا، بە سروشتی ئینسان بەشێوەیەکی گشتی لەقەڵەمدەدرێت و وەکو بەها بەرزەکانی بەشەر تەقدیس دەکرێت. لەم کۆمەڵگەیەدا پەیوەندی نێوان ئینسانەکان، ڕەنگدانەوە و پاشکۆی پەیوەندی نێوان کالاکانە. جێوشوێنی ئینسانەکان لە پەیوەند بە خاوەندارێتیەوە پلەوپایە و بەهای ئەوان دیاری دەکات. بۆرژوازی چەقبەستن و ئارایشی-خۆجێیی و بەرتەسکی کۆمەڵگەی کۆنی تێکشکان و وڵاتەکانی پێکهێنا. ناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەریی مۆدێرنی بۆرژوایی، وەکو بەهێزترین کۆتی ئایدۆلۆژیی چینە دەسەڵاتدارەکان لە تێکڕای مێژوودا، لە گەردنی کۆمەڵانی خەڵک ئاڵا و جێگای ڕەگەزپەرستی و عەشیرەتگەریی و ناسنامەی خۆجێیی گرتەوە.



# شاخەوان شۆڕش: ١٦ ئۆکتۆبەر یەکێ لە دەرهاویشتەکانی هەڵەی ڕیفەراندۆم بوو کە ستاتوسی باشووری کوردستانی لە هەرێمێکی نیمچەسەربەخۆ هێنایە خوارەوە بۆ هەرێمێکی لاواز و گەمارۆدراو

**دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ نووسەر و توێژەر شاخەوان شۆڕش سەبارەت بە ئاڵوگۆڕکانی ئێستای دنیاو ناوچەکەو کاریگەری گوشارەکانی دەسەڵاتی بەغدا بۆ سەر هەرێم و لێکەوتەکانی لەسەر دۆخی کوردستان و ئاییندە سیاسیەکەی...**

**بۆپێشەوە: شکستی ئەمریکا لە پیکهێنانی دنیای یەک قوتبی و پیکهاتنی دنیای چەند قوتبی، چ کاریگەرییەکی لەسەر رۆژهەلاتی ناوەراست و ناوچەکە هەیە؟**

**شاخەوان شۆڕش:** ئەوەی ئێستا دەگوزەرێ ڕاستەوخۆ ڕەنگ لە زاڵبوونەوەی ڕیالیزم و ڕیالپۆلیتیک لە ئاستی سیاسەتی نێونەتەوەییدا دەداتەوە. ئەوەش بەهێزیی بیری ناسیونالیستی و هەوڵی سەرخستنی هەژموونی زلهێزەکانی جیهان و زلهێزە هەرێمیەکانە. وەکو ڕیالیزم لایوایە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان پڕ کێشە و ناکۆکین، وە ناکۆکیەکان لەڕێگەی جەنگەوە چارەسەر دەکرێن، وە هەر دەوڵەتە جگەلەوەی هەوڵی لانیکەم مانەوەی خۆی دەدات، هەر یەکە بەدوای قازانجی ناسیونالیستی خۆیەتی.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە چەندین ناکۆکی نەتەوەیی لەمێژینە لەخۆ دەگرێت، سنوورە دەستکردەکانی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە بە زبروزەنگ ڕاگیراوە، ئاشتی ئەرێنی لەو وڵاتانەی کە کێشەی ئەتنی و نەتەوەییان هەیە بوونی نییە. لەئەگەری لاوازی سیستەمێکی ڕێکڕاگریی جیهانی و بوونی جەنگی بەوەکالەت لە نێوان زلهێزەکاندا، ئاسایشی هەرێمەکە و جیهانیش لەمەترسی دایە. بەهۆی جەنگی ڕوسیا و ئۆکرانیا هەڕەشەی جەنگی ئەتۆمی چۆتە ئاستێکی بەرز. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئێران و تورکیا دوو زلهێزی فراوانخوازی هەرێمەکەن و داینەمۆی ناسەقامگیرین، بەدوای سەرمایە و قازانجی ناسیونالیستییەوەن، بۆیە لە فروانخوازیی خۆیان ناکەون. لە کاتێکدا دەوڵەتە سەربەخۆکان هەوڵی مانەوە و خۆبەهێزکردن دەدەن، مەترسیەکانی سەر گەلانی ژێردەستە دەچنە ئاستێکی بەرز، ئەگەری تاوانکاریەکانی وەکو پاکتاو و کۆمەڵکوژیی و گەلکوژیی زۆر بەزیندوویی هەن، وەکو ئەو هێرش و پاکتاوە ڕەگەزییەی لە عەفرین بینیمان و ئێستا لە غەزە کۆمەڵکوژیی کوێرانە بە شێوەیەکی کوشندە پیادە دەکرێت. جیاوزیەکە ئەوەیە تورکیا بیانووی هەڵبەست و هێرشی کرد، بەڵام ئیسرائیل هێرشی تیرۆریستانە و کۆمەڵکوژانەی حەماسی ئیسیلامی کردە بیانوو.

**بۆپێشەوە: لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی سەربازی دژی داعش و ١٦ ئۆکتۆبەرەوە، باڵانسی هیز لە عێراقدا بە سودی بۆرژازی عێراقی و بەزیانی بۆرژوازی کورد گۆڕاوە و تا هاتووە دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی سنوردار کردۆتەوە، چۆن دەروانە ئەم ئاڵوگۆڕە؟**

**شاخەوان شۆڕش:** ١٦ ئۆکتۆبەر یەکێ لە دەرهاویشتەکانی هەڵەی ڕیفەراندۆم بوو کە ستاتوسی باشووری کوردستانی لە هەرێمێکی نیمچەسەربەخۆ هێنایە خوارەوە بۆ هەرێمێکی لاواز و گەمارۆدراو، چ لەلایەن وڵاتانی دراوسێی داگیرکەرەوە، چ لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندەوە. لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا دەسەڵات لە چنگی پارتە ئایینپارێز و کۆنەپارێزەکاندایە، ئەوانەی کە قۆرغی کۆمەڵگە و بازاڕی ئابووریان کردووە. لەکاتێکدا سەرمایەدارەکانی عێراق ژیرانەتر ئاڵوێری بازرگانیان بە سامانە سروشتیەکان کرد، ئەوانەی هەرێمی کوردستان لەژێر ناوی کەرتی تایبەت و بنیاتنانی ئابووری سەربەخۆ دەستیان لە گەندەڵی و بەهەدەردانی سامان و داهاتی کوردستان نەپاراست، کۆنتراکتی زیانبەخش و نالۆژیکی زۆریان ئەنجامدا، ئەوە بێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان یا دەزگایەکی نیشتیمانی سەربەخۆ، چونکە لەکوردستاندا سیستەمی سیاسی دامەزراوەیی دەوڵەتیی نییە، بەڵکو لە چنگی بنەماڵەی دەسەڵاتدار دایە و خێڵگەرایانە بەڕێوەدەچێت، وە ئەوانیش بەشێوەیەکی سەرەکی بەدوای قازانجی تایبەتی خۆیانەوەن. بنەماڵە و حزبە بازرگان و سەرمایەدارەکان وڵاتیان خستە ژێر قەرزی زەبەلاحی کۆمپانیاکان و ژێرخانی ئابووریی گەلیان دارماند. ئەوە ڕاستەوخۆ بووە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی هەژاریی و کەمی و کزی داهاتی کرێکار و فەرمانبەران بەگشتی. لەبەرامبەردا دەسەڵاتی کۆنەپارێزی بەغدا لە لاوازییەوە بەرەو بەهێزیی هەڵکشا و ئێستا بێ مەترسی لە هێزی دەرەکی دەتوانێ داواکاری و مەرجەکانی خۆی بەسەر دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستاندا بسەپێنێت. چونکە هێزە دەرەکیەکان و ئەمەریکا بەتایبەتی بۆیان دەرکەوت پارتی و یەکێتی هێزی میلیشیان و قۆرغی دەسەڵاتیان کردووە، سەر بە ئێران و تورکیان، نایانەوێ دەسەڵاتێکی یەکگرتووی نیشتیمانی دامەزراوەیی هەبێت، هەڵبژاردان چوارساڵ جارێک و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات هەبێت.

**بۆپێشەوە: گوشارە بەردەوامەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم، بەرهەمی پابەندبوونی دەسەڵاتی ناوەندە بە فیدرالیزم و دەستورەوە، لە هاوسەنگی تازەی نێوان بەغداو هەرێمدا، یان وەکو هەندێک دەڵێن پاشگەزبوونەوەی بەغدایە لە فیدرالیزم و دەستور؟**

**شاخەوان شۆڕش:** ئەم سیستەمە فیدرالییەی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، سیستەمێکی ڕامیاریی هاوردەیە کە ئەمەریکا هێنای و سەپاندی، ئەگەر ئەمەریکا نەبووایە هێزی کۆنەپارێزی ئیسلامی و نەتەوەیی عەرەب ڕێگەی ئەم جۆرە سیستەمەیان نەدەدا. کاتێ هەرێمی کوردستان بەڕواڵەت بەهێز بوو، بەڕواڵەت چونکە لاشەی بێ ناوەڕۆک بوو. وەکو هەرێمی کوردستان لەدیدی نیشتیمانی و دیموکراسیانەوە لەسایەی دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەدا هەرگیز بەهێز نەبووە، چونکە خاوەنی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و یاسادانانی ڕەوا نەبووە، خاوەنی دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ نەبووە. ڕامیارە بازرگانەکانی ئەم بەر و ئەو بەر بەدوای سەرمایەی خێرا و دەستکەوتی خێرای ماددیەوە بوون، لە وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەکو باشووری کوردستاندا هێنانەدی ئەم ئامانجە سانا بوو، بۆیە هەرزوو لە ئەرکی نیشتیمانیان دوورکەوتنەوە، دەستیان بە دوورکەوتنەوە لە دەسەڵاتی ناوەند کرد و پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ئێران و تورکیا و وڵاتانی دیکەی بێگانە بەهێزکرد. واتە ئەوان خۆیان ملکەچی ئەو کۆنتراکتە سیاسیە نەبوون کە لەگەڵ بەغدا مۆریان کرد و پڕوپاگەندەیان بۆ دەکرد. وەکو لە فیدرالیدا بابەتە سەروەریەکان لە چنگی دەسەڵای ناوەند دایە، بەڵام ئەوان بێ گوێدانە ناوەند دەیان کۆنتراکتی نەوتیان لەگەڵ کۆمپانیا تورکی و عەرەبی و بێگانەکان مۆرکرد و وەکو وڵاتێکی سەربەخۆ جووڵانەوە. عێراق لاواز و تێکشکاو بوو، گەندەڵی وێرانی کردبوو و لەژێر چنگی ئەمەریکادا بوو، بۆیە ئەم بۆشاییە بۆ دەسەڵاتدارە بازرگانەکانی هەرێم دروست بوو، ئەگەر وا نەبوایە، هەرگیز حکومەتی بەهێز ڕێگەی ئەوە نادات هەرێمی فیدرال سەربەخۆ و بەئارەزووی خۆی کۆنتراکت ببەستێ و پەیوەندی بەملاو و بەولا بکات. چونکە وەکو گوتم لە سیستەمی فیدرالیدا لە بابەتە سەروەریەکاندا بڕیار لای ناوەندە. ئێستا کە ژێرخانی ئابووریی کوردستان بەهۆی گەندەڵی و قەرزی زەبەلاح دارماوە، بەهۆی زاڵیی میلیشیاگەرایی و دوو بەرەیی، واتە بزریی بەڕێوەبەرییەکی نیشتیمانی و سەرکەوتوو، لە ئاستی سیاسیشدا بەچۆکدا کەوتووە. بەغدا هەوڵی توندکردنی گەمارۆکانی بۆ سەر هەرێم دەدات، ئەوەش ئەگەر لایەنێکی وەکو مافێکی دەسەڵاتی ناوەند لە سیستەمی فیدرالدا لێکبدرێتەوە، لایەنێکی نادروستە و هەوڵدانە بۆ گەمارۆدان و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێمی فیدرال. لەلایەکیتر ڕەوتە ڕاستڕەو و ڕەگەزپەرست و ئایینپارێزەکان کە لەعێراقدا بەهێزن، بۆ خنکاندن و هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێم ڕۆڵیان هەیە وەکو لە بنچینەدا دژی سیستەمێکی ئەوهان. لە ڕاستیدا هەر ساتێک ئەمەریکا کوردستان جێ بهێڵێت، قەوارەی هەرێم کۆتایی پێدەهێندرێت، چونکە دەسەڵاتی کۆنەپارێزی عەرەبی دژی سیستەمەکەن و لەگەڵ حکومەتێکی بەهێزی ناوەندین.

**بۆپێشەوە: ئایا هەنگاوەکانی بەغدا لەدژی هەرێم و سیاسەتی خۆگرێدانەوەی پارتی و یەکێتی بە بەغدا، بەمانای تیکەڵ بوونەوەی بەکردەوەی کوردستانە بەعێراقەوە؟**

**شاخەوان شۆڕش:** لە پرسیاری پێشتر تاڕادەیەک وەڵامی ئەم پرسیارەم دایەوە، بەڵام گرنگە بزانین کەوا بەپێی دەستوری مۆرکراو و سیستەمی فیدرالی، هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدایە و بەشێکە لە عێراق. پەیوەندی پارتی و یەکێتی بە تورکیا و ئێران و گرنگیدانی زیاتر بەم دەوڵەتە بێگانانە لە بری عێراق، دەرچوونە لە پرەنسیپەکانی سیستەمی فیدرال، پێشێلی دەستووری دەوڵەتی فیدراڵە. پارتی و یەکێتی چ کاریان بە ئێران و تورکیا هەیە ئەگەر بەرژەوەندی تایبەتی بنەمالەیی، حزبی و بازرگانی و سەرمایەی زیاتر نەبێت. ئەم دوو دەوڵەتە خۆیان کورد دەچەوسێننەوە و دژی ئازادی کوردستانن، بەڵام لەڕێگەی پارتی و یەکێتیەوە دەستیان خستۆتە ناو باشووری کوردستان، کاریگەریی زۆر خراپی بەکۆنەپارێزکردنی باشووری کوردستانیان هەیە، وە بەشێکی گرنگی داهاتی کوردستان بۆ خۆیان دەبەن. یەکێتی و پارتی وەکو دوو پارتی میلیشیاگەرا، دژی دروستکردنی بەڕێوەبەرییەکی نیشتیمانی و دیموکراسی وەستانەوە، بۆیە نەیانتوانی وەکو یەکەیەکی یەکگرتووی فیدرال ستراتیژیانە کار لەسەر بەرژەوەندیەکانی کوردستان بکەن و پەیوەندیەکانیان لەسەر ئەم بنچینەیە لەگەڵ بەغدا بەهێز بکەن و داواکارییە ڕامیاریی و ئابووریەکانی کوردستان بەدەست بهێنن. وەکو گوترا عێراق هەوڵی کۆنترۆڵی کوردستان دەدات و لانیکەم بەپێی دەستور دەتوانێ ڕەوایی بە هەندێ لە داواکاریانەی بدات، لەبەرامبەردا هەرێم دەبێ بەخۆیدا بچێتەوە و وەکو دەسەڵاتی فیدرالیی هەرێم دانوستان لەسەر مافە دەستوریەکانی بکات، نەک وەکـــو

لەکوردستاندا سیستەمی سیاسی دامەزراوەیی دەوڵەتیی نییە، بەڵکو لە چنگی بنەماڵەی دەسەڵاتدار دایە و خێڵگەرایانە بەڕێوەدەچێت، وە ئەوانیش بەشێوەیەکی سەرەکی بەدوای قازانجی تایبەتی خۆیانەوەن. بنەماڵە و حزبە بازرگان و سەرمایەدارەکان وڵاتیان خستە ژێر قەرزی زەبەلاحی کۆمپانیاکان و ژێرخانی ئابووریی گەلیان دارماند...

لە ڕاستیدا هەر ساتێك ئەمەریکا کوردستان جێ بهێڵێت، قەوارەی هەرێم کۆتایی پێدەهێندرێت، چونکە دەسەڵاتی کۆنەپارێزی عەرەبی دژی سیستەمەکەن و لەگەڵ حکومەتێکی بەهێزی ناوەندین...

حزب و بنەماڵە.

**بۆپێشەوە: لێکەوتە سیاسیەکانی دەسەڵاتی ناوەندی لەسەر خەڵکی کوردستان و پرسی چارەسەرنەبووی نەتەوایەتی چۆن دەبینن؟**

**شاخەوان شۆڕش:** سەرەتا دەبێ بڵێین پارتی و یەکێتی بەر لە بەغدا کوردستانیان چ وەکو کۆمەڵگە چ وەکو وڵات شەل و ئیفلیج کردووە، بەمشێوەیە بۆشایی ڕامیاریی بە زەقیی هەیە. سەبارەت بە بڕیارە سیاسیەکانی دەسەڵاتی ناوەند سەبارەت بە پرسی کێشەی نەتەوەیی پاشەکشەی بە خەونەکانی خەڵکی کوردستان بۆ نیمچەسەربەخۆیی یا سەربەخۆیی تەواو کردووە. ڕەوتی کۆنەپارێزی ئایینی و نەتەوەیی عەرەبی کار بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادییە سیاسی و ئابووریەکانی کوردستان دەکات، وە برەو بە پرۆسەی بەعەرەبکردن لە ئێستادا زیاتر دەدات لەکاتێکدا باری ئابووری کوردستان زۆر خراپە، بێکاریی زۆرە، داهاتی ناوخۆی پیشەکاران زۆر دابەزیووە، لەبەرامبەردا ئابووری عێراق بەهێزترە، سەرمایەداری عەرەب توانای کڕین و دەستبەسەراگرتنی لەڕێگەی توانای داراییەوە زۆر لەبارترە لە پێشوو. دیارە هەر بڕیارێکی بەغدا ببێتەهۆی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ڕامیاریی و ئابوریی هەرێمی کوردستان، توندکردنی گەماڕۆی دەسەڵاتی ناوەندە و بەمجۆرە دوورکەوتنەوەیە لە چارەسەری ڕاستەقینەی پرسی کوردستان.

**بۆپێشەوە: لەم دوایانەدا دادگای باڵای فیدراڵی چەندین بڕیاری دەرکرد لەوانە... بڕیاری لابردنی کورسی کۆتاکان، بڕیاری سپاردنی هەڵبژاردنەکانی هەرێم بە کۆمیسۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق، بڕیاری بە یەک بازنەیی کردنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان، بڕیاری دابەشکردنی موچە لەلایەن بانقە ناوەندیەکانی عێراقەوە... چۆن دەڕوانە ئەو بڕیارانە؟ ئەم بڕیارانە چ کارگەرییەکی لەسەر دەسەڵاتی هەرێم و چینی کریکار و خەڵکی کوردستان دەبێت؟**

**شاخەوان شۆڕش:** سەرەتا دەبێ بگوترێت دادگای باڵای فیدرال لە عێراقێکی پڕ لە کێشە و ململانێی نەتەوەیی و ئایینی ناتوانێ دادگایەک بێت بێلایەنانە و سەربەخۆ لە دەسەڵاتی سیاسی بڕیار بدات. دادوەرەکان سەربە کۆمەڵگە جیاوازەکانن کە لایەنە سیاسیەکان زاڵن بەسەریاندا. بۆ نموونە سەبارەت بە دادوەرە کوردەکان، پارتی دادوەری خۆی داناوە و یەکێتیش هی خۆی داناوە، بۆ لایەنە سیاسیە عەرەبیەکانیش هەروا. لەلایەکیتر یاسای دادگای باڵای فیدرال بەبڕیاری پەرلەمانی عێراق لە ساڵی ٢٠٢١ نایاساییانە و دژ بە دەستور هەموارکرا، وەکو بەپێی دەستور هەر بڕیارێک سەبارەت بە هەموارکردنی یاسای دادگا بدرێک دەبێ بە سێ لەسەر چواری زۆرینە بێت نەک زۆرینەی سادە. ئەو هەموارکردنە ڕەنگدانەوەی سەپاندنی ویستی ناسیونالیستانەی دەسەڵاتی ناوەند و ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییە ناکۆکەکانە.

سەبارەت بە بڕیارەکان، یەکەم لابردنی کورسی کۆتاکان، ئەم بابەتە زیاتر هەڵدەگرێ کە لێرەدا بتوانین بە درێژی لەسەری بووەستین، بەڵام دەکرێ ئاماژە بە دوو لایەنی خراپ بەکارهێنان بکەین کە پارتی پێشتر ئەنجامی دەدا، یەکەم پارتی نوێنەرەکانی ئەم کەمینانەی کڕیی بوو و بۆ خۆی بەکاری دەهێنان، ئەوەش پێشێلی پرەنسیپە دیموکراسیەکانە. دووەم بەهۆی ئەم کارەی پارتی کەمینەکان ناتوانن نوێنەری ڕاستەقینە هەڵبژێرن و ناتوانن گوزارشت لەبەرژەوەندییە سیاسی و کەلتورییە ڕاستەقینەکانی خۆیان بکەن. شینگێڕانی پارتی بۆ مافی کەمینەکان نییە، شینی پارتی بۆ ئەو ١١ دەنگەیە کە دەستی بەسەردا گرتبوو و ئێستا لێیان سەندووە. سەبارەت بە مافی کەمینەکان ئەم بڕیارە زیانیان پێدەگەیەنێت، چونکە دەکرێ ئەوان نەتوانن لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە هەمان ژمارەی نوێنەرەکانیان بگەیەننە پەرلەمان. بەڵام دووبارە ئەگەر ئەندامەکانیان بکەونە ژێر کاریگەریی پارتی یا هەر پارتێکی دیکەی دەسەڵاتدار ئەگەری کێشە دووبارە هەیە و زیان بە بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگەی خۆیان دەگەیەنن. لەبەرئەوەی دادگای فیدرال لارە بەلای بەرژەوەندییە نەتەوەیی و ئیسلامیەکانی عێراق، بۆیە بەرتەسککردنەوەی زیاتری مافی کەمینەکان چاوەڕوان دەکرێت.

بڕیاری سپاردنی هەڵبژاردنەکانی هەرێم بە کۆمیسۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق بڕیارێکی باشە بەزانینی ئەوەی کۆمیسیۆنەکانی پێشووی هەرێم ناسەربەخۆ بوون و لەژێر کاریگەریی پارتی و یەکێتی بوون بۆیە ناسەرکەوتوو بوون. بڕیارەکە باشە ئەگەر کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی عێراقی بتوانێ بێلایەنانە بە ئەرکی خۆی هەڵسێت. چونکە بوونی کۆمیسیۆنی بێلایەن و دەستپاک واتای یەکلاکەرەوەی بۆ هەڵبژاردنی دروست هەیە.

سەبارەت بە بڕیاری نەهێشتنی یەک بازنەیی و کردنی بە چوار بازنە یا زیاتر لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان، بڕیارێکی گونجاوە و لەم بارەدا دەنگدەران باشتر دەتوانن نوێنەرانی خۆیان لە بازنەی ناوچەی خۆیاندا هەڵبژێرن، بەم جۆرە دیموکراسیی نوێنەرایەتی باشتر پیادە دەکرێت. بۆ نموونە لە وڵاتی دانیمارکدا چەند بازنەیی پیادە دەکرێت و سەرکەوتووە.

سەبارەت بە بڕیاری دابەشکردنی مووچە لەلایەن بانقە ناوەندیەکانی عێراقەوە، ئاسایی و سروشتیانە دەبێ مووچە لەلایەن دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی هەرێمەوە دابەش بکرێت، بەڵام لە کاتێکدا هەرێم خاوەنی بەڕێوەبەریەکی ڕەوا نەبێت و لەلایەن پارتێکەوە بەبارمتەگیرابێت. توانای دابەشکردنی مووچەی نەبێت، مووچەی موفتە و ساختە دروستکات، مووچەی خەڵک بۆ خۆی لابدات و لە قەرزەکانی خۆی خەرجی بکات، لەم بارەدا دەکرێ دەسەڵاتی ناوەند دەست بخاتە ناو کاروباریی هەرێم و ئەرکی دابەشکردنی مووچە بگرێتە ئەستۆ. وەکو مسۆگەریی بژێوی ژیانی خەڵک ئەرکی دەسەڵاتی ناوەندیشە. پارتی لە بڕیارەکە تووڕەیە چونکە ئەگەر مووچەی فەرمانبەران لە بەغداوە بێت، خەڵک لە چنگی پارتی و گەمارۆکانی پارتی دەردەچێت. واتە بڕیارەکە وادەکات لە دەسەڵاتی کەم دەکرێتەوە و چیتر بواری پیادەکردنی کۆنترۆڵی مووچەخۆرانی نابێت. پارتی پەرۆشی مووچەی خەڵکی نییە، بەڵکو پەرۆشی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سەپێنەرانەی خۆیەتی. پارتی تەنها کاتێک دەتوانێ گەڕاندنەوەی مافی دابەشکردنی مووچە بۆ هەرێم بگەڕێنێتەوە، ئەگەر ڕەوایی دەسەڵاتداریی هەبێت، بەڵێنی دڵنیایی دابەشکردنی مووچە بدرێت. پارتی لەباری ئێستادا ناتوانێ و لەم ئاستەدا نییە بتوانێ ئەم بەڵێنە بدات، وە هاووڵاتیانیش بڕوایان بە پارتی نییە. بەڵام لەلایەکیتر لەکۆتاییدا دەبێ ئەم مافە بۆ هەرێم بگەڕێندرێتەوە وەکو مافی دەسەڵاتی هەرێمە و بابەتەکە پەیوەندیی بەکاروباری ناوخۆی هەرێمی فیدراڵەوە هەیە، ئەوە دوای چارەسەری قەیرانی بەڕێوەبەریی کوردستان و دڵنیابوون لەوەی کەوا دەسەڵاتی هەرێم ڕەوا و یاساییە، وە چیتر مووچەی خەڵک نابەن و پێشێلکاریی ناکەن. سەبارەت بە بانکەکان ئەگەر عێراقی بن یا سەر بە هەرێم بن، پێویستە سەر بە کەرتی تایبەت نەبن، موڵکی دەوڵەت بن و بتوانن گەرەنتی پاراستنی دراوی خەڵک دوور لە دەستی سەرمایەدار و حزبی بنەماڵە بدەن.

بێگومان پێدانی مووچە لە کاتی خۆیدا مافێکی سروشتی کرێکار و فەرمانبەرانە، بابەتێک نییە بتواندرێ مامەڵەی پێ بکرێت. لە ئەگەری مسۆگەری مووچەی مانگانە بژێوی مانگانەی مووچەخۆرانی کوردستان مسۆگەر دەبێت و کۆمەڵگە لەلایەنی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە گیانی دەکەوێتەوەبەر، کۆمەڵگە دەبووژێتەوە و گەشەی ئابووریی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. لەم بارەدا کرێکار کرێ لە بەرامبەر ماندووبوونی خۆی وەردەگرێت و هەوڵەکانی بۆ مووچەی گونجاو و باشتر ڕیالیستانە دەبێت. بەداخەوە چینی کرێکار لە باشووری کوردستاندا چینێکی پشتگوێ خراوە و لە زۆر لە مافە سەرەتاییەکانی بێ بەشە، وە دەسەڵات پەرۆشی چارەسەری کێشەی بێکاریی و مسۆگەریی مافەکانی کرێکار نییە، چونکە دەسەڵات فیودالی سەرمایەدارە و تەنها بیر لە سەرمایەی زیاتر و فراوانخوازیی زیاتر دەکاتەوە.

**بۆپێشەوە: بەشێک لە خەڵکی کوردستان، خۆشحاڵن بە بڕیارەکانی بەغدا دژ بەدەسەڵاتی هەرێم، چۆن دەڕوانە ئەم خۆشحاڵییەی خەڵک ئایا ئەوە خۆشباوەری نییە بەدەسەڵاتی لایەنە بۆرژوازییەکانی عێراق؟**

**شاخەوان شۆڕش:** خەڵک لە دەسەڵاتدارانی هەرێم بێزارن، چونکە حکومەتی هەرێم مووچەیەکی زۆری ناڕەوا لێ بردوون و هەموو بەڵێنەکانی سەبارەت بە باشترکردنی مووچە ناڕاست دەرچوون. خەڵک پێویستیان بە پارەی مانگانە هەیە تاکو بتوانن خەرجیەکانی گوزەرانیان دابین بکەن. کە هەرێم نەتوانێ مووچەیان پێ بدات، ڕوویان بۆ ناوەند وەردەگێڕن و دەکرێ متمانە بە دەسەڵاتی ناوەند ببەخشن. دەسەڵاتدارانی عێراق لە گەندەڵیدا بێ بەش نین و گەندەڵیی وڵاتی هێناوەتە سەر چۆک، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مووچەی خەڵک دراوە، هەروەها ئەو باجە قورسانەی هەرێم بەسەر خەڵکیدا سەپاندووە، دەسەڵاتی ناوەند بەسەر خەڵکیدا نەسەپاندووە. خەڵک ئەو جیاوازییە دەبینن. لەلایەکیتر خەڵک بێزارە لە حکومڕانی بنەماڵەیی گەندەڵ و دیسپۆتی، خەڵک گۆڕانی لە سیستی ڕامیاریدا دەوێت.

**بۆپێشەوە: بەم دوایانە پارتی بڕیاری بایکۆتی هەڵبژاردنەکان و هەڕەشەی کشانەوەی لە پرۆسەی سیاسی کرد، چۆن دەڕوانە ئەم بڕیارەی پارتی؟ ئایا هەڵبژاردن بە بێ پارتی دەتوانرێت بکرێت؟**

**شاخەوان شۆڕش:** تا ئێستا سێ جار لەلایەن سەرۆکی هەرێم کە پارتیشە بڕیاری هەڵبژاردن دراوە، بەڵام پارتی دوای خستووە، چونکە نەیویستووە هەڵبژاردن بکرێت. دەسەڵاتی دامەزراوەیی خۆبەڕێوەبەریی بە ویستی ئەم و ئەو پارت نییە، کە کاتی هەڵبژاردن هات دەبێ هەڵبژاردن بکرێت، کە ناکرێت هۆکەی ئەوەیە سیستەمی سیاسی دروست نییە و پارتی ملیشیاگەرا دەستی بەسەردا گرتووە. پارتی باری لارە و هەوڵی ڕاستبوونەوەی خۆی دەدات، بنەماڵەی بارزانی بەرژەوەندی بازرگانیی بەهێزیان لەگەڵ تورکیا هەیە، بەرژەوەندی هاوبەشی سیاسی و

**بەداخەوە چینی کرێکار لە باشووری کوردستاندا چینێکی پشتگوێ خراوە و لە زۆر لە مافە سەرەتاییەکانی بێ بەشە، وە دەسەڵات پەرۆشی چارەسەری کێشەی بێکاریی و مسۆگەریی مافەکانی کرێکار نییە، چونکە دەسەڵات فیودالی سەرمایەدارە و تەنها بیر لە سەرمایەی زیاتر و فراوانخوازیی زیاتر دەکاتەوە...**

**بەداخەوە هێزی چەپ کە دەبووایە ڕۆڵی یەکلاکەرەوە بگێڕێت زۆر لاوازە، ئاستی هەژاریی و بێکاریی بەرزبۆتەوە، بۆشاییەکی گەورە لە نێوان چینی دەسەڵاتداری سەرمایەدار و خەڵك دروست بووە، کە دەبوایە لە ئێستادا چەپگەراکان زۆر بەهێز بن و شێلگیرانە بەرگریی لە مافی کرێکار و هەژار و نەدارانی کوردستان بکەن. هیوادارین ئەم هێزە گرنگە گوڕوتینی بخرێتەوەبەر و چالاکانە بەشداریی لە بنیاتنانی کۆمەڵگە و دەسەڵاتێکی پێشکەوتوو، دادوەر، کراوە و شارستانی ببینێت...**

## درێژەی دیمانە لەگەڵ لەگەڵ نووسەر و توێژەر شاخەوان شۆڕش ...

ئاسایشیان لەگەڵ تورکیا هەیە، لە ٩٠ کانەوە تورکیا دەیانپارێزێت، بۆیە پارتی لەژێر چنگ و کاریگەریی تورکیا دایە و لە سەنگەری تورکیادایە، وەکو پێشوازیی زیادەڕۆ لە وەزیری دەرەوەی تورکیا هاکان فیدان و سەرۆکی تورکیا ئەردۆگان لەلایەن پارتیەوە ئەوەمان پێ دەڵێت. پارتی هەوڵ دەدات بەم پێداگرییەی خۆی ترس دروستکات و هەندێ لە ئامانجەکانی بپێکێت. سەرۆکی پارتی گوتی ئەوان لەگەڵ هەڵبژاردنن و بڕیاری کۆتایی نەدراوە. بەڵام ئەگەر پارتی بەشداریی هەڵبژاردن نەکات قەیرانی سیاسی تۆختر دەبێتەوە و هەرێم ڕوونتر دابەشی سەر دوو زۆن دەبێت، وەکو پارتی لەڕێگەی چەکدارە میلیشیاکانیەوە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی زۆنی زەرد دەدات و دەسەڵات ڕادەستی هیچ لایەنێک ناکات. بەڵام ئەگەر پارتی لەسەر گفتی خۆی بمێنێ و بەشداریی هەڵبژاردن نەکات، لەئەنجامدا پارتی دەکەوێتە دەرەوەی پڕۆسەی ڕامیاریی عێراق و کوردستان ئەوەش لە قازانجی پارتیدا نابێت، دەکرێ دەرئەنجامەکانی زۆر خراپ بۆ چارەنووسی ئەوان بشکێتەوە.

**بۆپێشەوە: لەبەرامبەر بەو هەلومەرجەی ئێستا لە ئارادایە کە لەلایەکەوە دەسەڵاتی ناوەندی هەژموونی سیاسی و بریار بەسەر دەسەڵاتی هەرێمدا دەسەپێنێت و لەلایەکی تریشەوە دەسەڵاتی هەرێم هیچ کارتێکی کاریگەری لەبەرامبەر بە بەغدا نییە، چ ڕێگاچارە و ئەڵتەرناتیفێک پێویستە؟**

**شاخەوان شۆڕش:** وەکو لە پرسیارەکانیتر گوتمان دەسەڵاتی ناوەند لە هەرێم بەهێزترە و ئەمەریکاش پشتگیریی لاوازکردنی هەردوو بنەماڵەی گەندەڵ و خۆسەپێنەر دەکات، چونکە گوێڕایەڵی ئەمەریکاش نین. ئەڵتەرناتیڤی دروست لابردنی پارتی چەکدارە لە دەسەڵاتدا، هەڵوەشاندنەوەی هێزە میلیشیاکانە، پەرلەمانێکی بەهێز و دامەزراندنی بەڕێوبەرییەکی سڤیلی شارستانیانەیە کە لەلایەن هاوڵاتیانەوە پشتگیری بکرێت. ڕاستە ئەوە زۆر سەختە، بەڵام خەڵکی باشووری کورستان ناچارن بێنە دەنگ و دەسەڵاتێکی نیشتیمانی سڤیل و ڕەوا دروستکەن. کە ئێستا ئەوە ناکرێت دەبێت لانیکەم بەڕێوەبەریەکی یەکگرتوو دروست بکرێت و سوپا یەکخرێت و پەرلەمان دەسەڵاتی زیاتری پێبدرێت و گیانی بخرێتەوە بەر، سیستەمی سەرۆکایەتی ئەگەر بتوانن نەهێڵن. لەم بارەدا هەرێم دەتوانێ یەک دەنگ وەکو ناسیۆن مامەڵە لەگەڵ بەغدا بکات، بەغداش بەپێی ئەو دەستوورەی مرۆکراوە ناتوانێ پێدرێژی زۆر بکات.

بەداخەوە هێزی چەپ کە دەبووایە ڕۆڵی یەکلاکەرەوە بگێڕێت زۆر لاوازە، ئاستی هەژاریی و بێکاریی بەرزبۆتەوە، بۆشاییەکی گەورە لە نێوان چینی دەسەڵاتداری سەرمایەدار و خەڵک دروست بووە، کە دەبوایە لە ئێستادا چەپگەراکان زۆر بەهێز بن و شێلگیرانە بەرگریی لە مافی کرێکار و هەژار و نەدارانی کوردستان بکەن. هیوادارین ئەم هێزە گرنگە گوڕوتینی بخرێتەوەبەر و چالاکانە بەشداریی لە بنیاتنانی کۆمەڵگە و دەسەڵاتێکی پێشکەوتوو، دادوەر، کراوە و شارستانی ببینێت.

هەوڵی ستراتیژیی لایەنە ئازادیخواز و یەکسانخوازەکان پێویستە دیموکراتیزەکردنی کوردستان بێت، ئێستاش درەنگ نییە وردە وردە هەوڵ بدرێت دامەزراوە گەندەڵ و نادیموکراسیەکان نەهێڵدرێن و لەجیاتیدا دامەزراوەی ڕەوا و دیموکراسیانە دابمەزرێنن....

## درێژەی....خاتوو (ئەرخەوان عومەر)، و چەند وشەیەك لە گەوهەری ڕستەیەكیدا

ئازادانە بیربکاتەوە، هەروەها داهێنان وە دەستبهێنێ و بەرەو پێشەوەی ژیان و نوێگەربن لە ڕەوتی پێشکەوتندا، بەڵام ئەوە ئەرکەو کاری خەڵکانی خۆنەویستو ڕۆشنبیرو قەڵەم بوێری دەوێت، بۆیە سەرمایەداران وەک پیشەو خنکاندنی هەناسەی ئازادو بیری نوێخوازی پێیان هەزم ناکرێت و بەرژەوەندییەکانیان دەکەوێتە مەترسییەوە. هەربۆیە لەهەوڵدان و بێوەستان لە ڕێگەی دەزگاو ڕێکخراوی هەمەجۆرەوە ئەو بناغانە دادەڕێژن کە ڕۆژانە لە لەنگی و ناسەقامگیری، و کار لەسەر ئەو بەرژەوەندیانە دەکەن کە ئاڵۆزی و پشێوی و گرانی و دروستکردنی سەرمایەداری خەیاڵی و بیناو هەڵچنینی خانووبەرە و داگیرکردنی زەوی و بە فیڕۆدانی ژێرخان و سەرخان، تا هیچ تاکێک و هیچ کەسێکی کاسبکار سەروبەر لە پێش و پاشی ئەم زەمەنەدا بە ئاڵۆسکاوی کاری بۆنەکات کە چۆن بژی و چی بکات. لەو ڕێگە.. شێواو بێسەرو پەرشوبڵاوەدا، ئیدی ژیان و گوزەرانی هیچ مانایەکی تێدا نامێنێت کە وەک خۆی ناتوانین پێناسەیەکی دروستی بۆ بکەین کەواتە بوونی ئەو هەموو ناعەدالەتی و دزین و دروسکەری وردە بۆرژواکان ئەو لایەنە دەقۆزنەوەو بەهەندی وەردەگرن، و برسیەتی و قاتوقڕی و سواڵ و بێ مەعاشی پشێویەکی وادەنێتەوە کە لەم جۆرە نووسینەو بێ حورمەتیە کەهەیە لە ئێستای کوردستانی باشوردا بێتە دیاردە و خاتوونێکی هێژاو ژێر بێنێتە زمان و گفتوگۆکردن، لەسەر ماف و حقوقی تاک وەک گەنجێک سەرگەردان بکات و ژیانی ئاسایی و سادەی قوناغی هەرزەیی لێبشێوێنی و دەرفەتی پێکهێنانی دروستکردنی خێزانی بۆنەڕەخسێ. دەسەڵات و جۆری فکرو مەزهەب و شێواندنیش بەشێکی کەو باڵادەست ڕۆشتوو، و پلاندانەرە لەو تێکدانە. هەموو ئەوەش دەبێت بزانین کە کۆمەڵگە لەڕاستیدا دەبێت سستماتیک و یاسای پەروەردەیی بەکۆمەڵگەیەکی مەدەنیەت بەپێی یاساو ڕێسا ڕێکخرێت، دەبێت دەسەڵات ئەو ئەرکە هەڵگرێت و بیخاتە سەر ئەستۆی خۆی و لە خەمیدابێت، بۆ بژێوی ژیانی تاکی نیشتمانی کە دانیشتووی ئەو نیشتمان و جێگەن. بەڵام کە نەکراو نەبوو ئەوا لە تاو دز وگیرفان پڕکردن، ئەو هەموو کارەساتە نامۆو سەرسوڕهێنەرانە دێنە بەر بیستن و بێ ئەنجام ڕووداوی دڵ هەژێنەر، سەرئەنجام لێکترازان دێتە پێش کە ئەمڕۆ بە بیستن و بە بینین بوونیان هەیە، بەڵام، من لێرەوە؛ گلەییم هەیە لە هەموو ئەوانەی کە خۆیان بەدۆستی قەڵەم و ڕۆشنبیری دەزانن، دەکرا هەڵوێستەیان وەرگرتایە، گەر وەک دەڵێن خۆ هەناسەیەکیان تێدا ماوە، دەبوو... لەسەر ئەم پەیامەی خاتوو (ئەرخەوان عومەر)، قسەیان هەبوایە، و دژی ئەو هەموو ناعەدالەتی و بێ کەرامەتییەی کە بەتاکی کۆمەڵگە دەکرێت وەستابانەوە. هیچ نەبێت چەند ڕۆژنامەیەکی دەرەکی و ناوەکیان بەئاگابهێنایەتەوە، تا دەنگە کپ و مردووەکان، بە ئاگا بهاتنایەتەوە، هەست بکرایە کە پەیامی خاتوو (ئەرخەوان عومەر) پەیامێکی گشتیە و هی هەمووومانە. بەڵام دیسان جێگەی داخە کە بێدەنگی ئەوان بەو ناعەدالەتی و سوکاییەتیە کە ڕۆژانە دەبیستین وە دەشیبینین، بەڵام هەر بێدەنگین....

## درێژەی دوا وتە

بزوتنەوەی کوردایەتی و قڵشتی چینایەتی و جیاوازی دوو دونیای لێک دوورو دژ بەیەکی دووچینی" زۆرداران و بێبەشان" ی خستە ڕوو. بەزمانێکی سادە و ڕەخنە ئامێز نەریتی بنەماڵەیی، نیشان دەدا. خەون و خولیای چەپینراوی لاوانی بەیان کردەوە. لەکاتێکدا ئەمانە هەموویان بەشێکن لە پراکتیسەکردنی ئازادی فەردی و نووسین و دەربرین... کەچی جەنابانی پارێزەری داب و نەریتی پرتوکاوی کۆنەپەرستی و ژن بە کویلە زانین و خۆ بەخوا!! مەزندەکردن، پەتی تەحەمولیانی پچراو هەوسارپچراو بوون. بۆیە چەقوکێش و باندە نۆکەرەکانیان بزواند و سەردەشتیان، لەبەین برد.

بۆیە ئاوا بە ئاشکراو نارەواو دڵرەقانە گیانی سەردەشتیان کێشا، تا گیانی ئازادی و ئازادیخوازی و ڕەخنەی قوڵ و چینایەتی دڵرەقانە بکێشن و ڕەخنەو تورەیی و نەفرەتی سەردەشتەکانی کۆمەڵگای کوردستان، خەفە و بەرەو داکوژان ببەن... بەڵام ئەگەر خەونی سەردەشت و سەردەشتەکانی کوردستان، خەون و خولیایەکی ڕاستەقینەی قابیلی پەرەپۆش کردن نییە و زیندووە. ئەوا خەونی ئەم دەسەڵاتە و بکوژی ڕەخنەو ئازادییە، نەزۆک و بێ گیانە. سەردەشت تائەو کاتەی تیرۆر دەکرێ، نووسەرو ڕەخنەگر و کوڕێکی لاوی خێزانێکی سەربەرزو تیکۆشەری شاری هەولێرە. خۆشەویستی هاوڕێ و دۆست و هاوپۆل و خزم و ناسیاوەکانیەتی. خۆشەویستی خوێنەرەکان و ئەوانەیە نووسیەکان وپەیامەکانی دەخوێنەوەو تێدەگەن، بەڵام لەوکاتەوەی تیرۆر دەکرێت، سەردەشت ئیتر بەتەنها ئەم کورە لاوەی خانەوادەو هاوڕێ و هاوپۆل و خوێنەرانی نووسین و ڕەخنەکانی نییە. کورە لاوەکەی پێشوو نییە، و دەبێتە کورە لاوە عەزم جەزم کردوەکەی کۆمەڵگای ژێر ستەمی هەزار سەری چینایەتی. دەبێتە لاوە خۆشەویستەکەی هەموو بەرەی ئازادیخوازی کۆمەڵگە و تینوانی ئازادی. دەبێتە نوکەرمی ڕەخنەی قوڵ و چینایەتی ئۆردویەکی بێئەژماری دژی دەسەڵاتی نەریتی و بنەماڵەیی و دواکەوتوو تالانچی کوردستان. دەبێتە ڕەمزی ئازادی. دەبێتە سومبلێک، کە هەرکەس بۆ ئازادی تێبکۆشی، ڕەخنەگری ڕاستەقینەی دەسەڵات بێت، دژی نابەرابەری ئابوری و کۆمەڵایەتی و زوڵمی چینایەتی بێت. سەردەشت لای ناویکی زیندوو بێت.

١٤ ساڵە سەردەشت لێرە نەماوە... نە خولیای ئازادی خامۆش بووە، نە ڕەخنە لەم دەسەڵاتە کول. ١٤ ساڵە سەردەشت نانووسێ... نە نووسینی ڕەخنەی ریشەیی لەدەسەڵات و نە بانگەواز بۆ بەرابەری و یەکسانی خامۆش بووە. چوارده ساڵە سەردەشت لەناو خانەوادەو دۆست و هاوڕییانی نەماوە... کەچی کاتێک دەروانین لەناو هەموو خانەوادە تورەکان و ئازادیخوازەکانی کوردستانە. لەریزی پێشەوەی هەموو بزوتنەوە نارەزایەتییە ڕەواکانی خەڵکی نەدارە. ئاڵابەدەستی وشەی ئازاد و بزواتی ئازادی ڕۆژنامەگەری و ڕەخنەی قوڵ و سازشهەڵنەگری دەسەڵاتی چینە داراکانی کوردستانە. لەهەموو زانکۆکاندا بەدژی هەڵاواردن و بێمافیدا، هەڵدەشاخێ. گوڵ بەدەستە و خەندەی سەر لێوانی نابڕێ و بەرەو ئاسۆ دەروانێ. بەڵی سەردەشت چواردە ساڵە تیرۆرکراوە، لەوکاتەشەوە بۆتە سومبلی ئازادی و ئازادیخوازی و ڕەخنەی قوڵی بێبەشان لەدەسەڵات. تا ئەوکاتەش ئازادی و کۆمەڵگەی بەرابەرو ئینسانی، دەبنە ڕاستیەکی ژیان، لەسەر کەلاوەی روخێنراوی دەسەڵاتی زاڵمانەو نابەرابەر، سەردەشت هەر ڕەمزی ئازادییە و ئەوکاتەش ئازادی دەبێتە واقعیەتی جێکەوتووی ژیانی تاکەکان و کۆمەڵگەیەکی ئینسانی، ناوی سەردەشت و سەردەشتەکانی کوردستان و هەوڵیان بۆ ئازادی دەبێتە وانەی فێربوونی تێکۆشان بۆ ئازادی، بۆ نەوەکانی داهاتوو....

**عەبدوڵا مەحمود**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

بۆپێشەوە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

ڕێبوار حەمە شەریف، نیاز ساڵح، وریای ڕەسام، شاخەوان شۆڕش، بنار مستەقا، شیرکۆ بێکەس، توانا حەمە نوری، کاوان قادر،، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود, هاوڕێ نەهرۆ، شەمال بارەوانی...

لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"هۆکاری گوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم و ئاییندی سیاسی کوردستان"...

# ئۆژین پۆتیە.. نووسینی لینین



ئۆژین پۆتیە نووسەری سرودی" ئەنتەرناسیونال" لە مانگی تشرینی دوومی ١٨٨٧ دا، بەیەکجاری ماڵئاوایی لەژیان کردووە، بەڵام سروودەکەی لەسەرەتای سەدەی بیستدا وەکو شاکارێکی زیندوو وەرگێردرا بۆسەرجەم زمانە ئەورووپییەکان و چەندین زمانی دیکەی غەیری ئەورووپایش.هەر کرێکارێکی هوشیار، چارەنووس بۆ هەرکوێی غلۆرکردبێتەوە و هەستی بە ئاوارەیی و نامۆیی زمان کردبێ و بێ خزم و بێ ئاشناو دووری وڵات و وێڵی هەندەران بووبێت، ئەو کرێکارە هەمیشە لە ڕێی ئاوازی" ئەنتەرناسیونال" هەڤاڵ و هاوڕێی پەیدا کردووە. کرێکارانی سەرجەم وڵاتانی دونیا سرودی ئەو خەباتگێرە پێشکەوتنخوازەیان قۆستۆتەوە و کردویانەتە سرودێکی کرێکاریی جیهانی. کرێکارانی وڵاتانی جۆراوجۆر رێز لە "ئۆژی پۆتیە" دەنێن، هەرچەندە هاوسەرو کچەکەی دوای مردنی پۆتیەش هەر بەنەداری ژیانیان بەسەر بردووە.

پۆتی ٤ دیسەمبەری ١٨١٦ لەپاریسی پایتەختی فەرەنسا چاوی بەدونیا هەڵهێناوە، لە تەمەنی چواردە ساڵیدا یەکەم هۆنراوەی بە ناوی"بژی ئازادی" نووسیووە. لەساڵی ١٨٤٨ دا لەجەنگی مەزنی دژی بۆرژوازیدا، سەنگەری گرتوەو هاتۆتە مەیدانی خەبات.

پۆتی لە خانەوادەیەکی هەژاردا چاوی بەدنیا هەڵێناوەو هەموو تەمەنی بە هەژاری و کرێکاریی بەسەربردووە، لەسەرەتادا بەسندوق داگرتن و پاشان بە نیگارکێشان لەسەر قوماش ژیانی خۆی دابینکردووە.

لەساڵی ١٨٤٠ بەدواوە دەستی لەکارە گەورەکانی ژیانی فەرەنسا وەرداوەو خەڵکە دواکەوتوەکەی بەهۆی گۆرانی و سرودی بەرگری هوشیار دەکردەوەو داوای یەکگرتنی لە کرێکاران دەکرد، بەو کارەشی بۆرژوازی و حکومەتی بۆرژوازی فەرەنسای ریسوا کردووە. لەچەرخی کۆمۆنە مەزنەکەی پاریسی ساڵی ١٨٧١دا بەئەندام هەڵبژێردراو ٣٣٥٢ دەنگی لەکۆی ٣٦٠٠ دەنگ بەدەستهێناوەو دواتر لەهەموو کارەکانی کۆمۆنە کە یەکەم حکومەتی پرۆلیتاریی بووە بەشداری کردووە.

دوای روخانی کۆمۆنە بەناچاری رایکردوە بۆ بەریتانیا و ئەمریکا و لە حوزەیرانی ساڵی ١٨٧١دا، واتە لە رۆژی پاش روخانی کۆمۆنەدا، سرووده هەره بەناوبانگەکەی" ئەنەرناسیونال" ی نووسیووە. کە ئەمەش دەکاتە رۆژی دوای کارەساتە خوێناوییەکەی ئایاری ئەو ساڵە. راستە کۆمۆنە سەرکوت کرا، بەڵام سرودەکەی پۆتی "ئەنتەرناسیونال" بیرۆکەکانی گەیاندە ئەوپەری دنیا و تائیستاش جمەی دێ.

پۆتی لەساڵی ١٨٧٦ و لەکاتی ئاوارەییدا هۆنراوەی" لە کرێکارانی ئەمریکاوە بۆ کرێکارانی فەرەنسا"ی هۆنیەوەو ژیانی ژێر سایەی سەرمایەداری تیدا وێنەکێشاو باسی نەداری و کارکردنی سەخت و چەوساندنەوەو باسی باوەرێ پتەویان بەسەرکەوتنی کێشەکەیان دەکات. پۆتی تا دوای ٩ ساڵ بەسەر دارمانی کۆمۆنەی پاریسدا نەگەرایەوە بۆ فەرەنساو کە گەڕایشەوە یەکسەر چووە ریزی" پارتی کرێکاران" و لەساڵی ١٨٨٤یش یەکەم دیوانی خۆی بڵاوکردەوەو لەساڵی ١٨٨٧ دیوانی دووەمی بەناوی" گۆرانیەکانی شۆرش" گەیاندە بەردەم دیدی خوێنەرانی. بەڵام سەرجەم گۆرانیەکانی تری تا دوای مردنی خۆی بڵاونەکرانەوە.

سەرجەم کرێکارانی پاریس لە رۆژی ٨ نۆڤەمبەری ١٨٨٧ تەرمی ئۆژین پۆتینیان لە ئارامگەی "پیرلاشیز" بەخاک سپارد، ئەو گۆرستانەی کە شۆرشگێرە لەسێدارەدراوەکانی کۆمۆنەی تیا نێژراون.

پۆلیس لەکاتی پێ رەویدا بۆ گۆرستان ئاڵای سوریان پچر پچر دەکرد، جەماوەرێکی زۆر لە ناشتنی کەسێکی سڤیلدا ئاپۆرەیان بەستبوو لەهەموو لایەکەوە "بژی پۆتییە" دەنگی دەدایەوە.

پۆتی بەهەژاری سەری نایەوە، بەڵام خودی خۆی بۆتە هێمایەکی نەمر. پۆتی یەکێک بووە لە گەورەترین هاندەران بۆ ئەم کارەیشی سودی لە سرودو گۆرانی بینیووە. کاتێ کە پۆتی یەکەم سرودی نووسیووە، کرێکارە سۆشیالیستەکان بە پەنجەی دەست دەژمێردران، کەچی ئیستاکە دەیان ملیۆن پرۆلیتیر سرووده مێژوویەکەی ئۆژین پۆتییە، دەچرن.

**سەرچاوە: فی الادب و الفن ... لینین**

وەرگێرانی رێبین



شاکارێکی تری چارلی ئابدو هونەرمەندی فەرەنسا

دوا وتە

# سەردەشت عوسمان سومبلی ئازادییە...

ئەوانەی بڕیاریاندا، گیانی سەردەشت بکێشن، ئاگاهانە ویستیان لەو رێگایەوە، گیانی ئازادی دەرکێشن. ئەوانەی بڕیاریاندا، سەردەشت لەبەین ببەن و لەکۆمەڵگەدا بیسرنەوە، بەنەخشەوە ویستی لەبەینبردنی ئازادی و سرینەوەی ئازادیخوازییان، هەبوو. ئەوانەی نەخشەیان کێشا سەردەشت نابێ لەژیاندا بمێنێ، ژمارەیەک گەوجی سیاسی بوون، ترساوی کەشی ئازادی و ئازادیخوازی بوون. لەبەرامبەر ویستی ئازادی و شکۆدا، لەبەرامبەر رەخنەی قوڵ و تیژی ئینسانیدا، جگە لە زمانی زبر و دەستبردن بۆ سەرکوت و زیندان و چەکی گەرم، زمانێکی تر نازانن.

ترساندنی کۆمەڵگە بە ترساندنی ئازادی و لە رێگای سەرکوت داپڵۆسین و فریوکارییەوە، دەست پێدەکات. لە ترساندنی دەنگە ئازادەکانەوە هەنگاو دەنێ. شێوازەکانی جەنگین لەدژی ئازادی، یەک رەنگ و یەک جۆر و تاک نەریتی نییە. جەمال عیرفان لەسەردەمی شێخ مەحمودی مەلیکی کوردستان، عەبدولخالق مەعروف لەکاتی حکومرانی بەعس، عەبدولستار تاهیر شەریف و سۆرانی مامە حەمە کاوە گەرمیانی تا دەگاتە سەردەشت و ویداد، لەژێر دەسەڵاتی مافیایی کوردایەتیدا... هەر یەکەیان بەجۆر و شێوازی جیاجیا، گیانیان لێسەندراوەتەوە. هەموو تیرۆرەکان یەک ئامانجیان هەبووە، بەڵام هەرکام لە شێوازی تیرۆرەکان، هەڵگری ماناو دەلالەتی تایبەتی خۆیان بوون.

سەردەشت بەئاشکراو لەبەردەم زانکۆدا، دەرفێنرێت و بەناو تۆرێک لە بازگەی تیژبینی دەسەڵاتی کوشتار و تیرۆردا، بەرەو موسڵ دەبرێت. پاشان بەوپەری دڵرەقیەوە تیرۆر دەکرێت. سەردەشت بۆیە بە ئاشکرا دەرفێنرێت و تیرۆر دەکرێت، چونکە ئیتر شاردنەوەی پەیامی دژی ئازادی و فکری ئینسانی و پێشکەوتخوازی لەلایەن دەسەڵاتی کوردی و بەتایبەتیش پارتی، گرنگی خۆی لەدەستداوە. دەسەڵاتێک بە ئاشکرا تاڵانی بکات. خۆپیشاندانی خەڵکی بۆ نان و ئازادی و عەدالەت، لەخوێن هەڵبکێشی. لەخۆشخزمەتی و نۆکەرایەتی و پێش لەشکری بە وڵاتانی چنگ بەخوێن بی دریغ بێت. لەژێر سایەیدا جینوسایدی ژن بەرێوەبچێت، سامانی بەشێک لە بەرپرسانی حزبی و بنەماڵە چەند بەرابەری داهاتی هەموو خەڵکی کوردستان بێت، خەڵک بە بیستنی ناوی ئاسایش لەرز دایبگرێت. پێویستی بە شاردنەوەی تاوانی رفاندنی ئینسان و تیرۆری نووسەر و رۆژنامەنووسان و نەیارانی سیاسی رەخنەگری ریشەیی دەسەڵات نییە. سەردەشت بۆیە تیرۆر کرا، بانگی رەخنەی ریشەیی لەدەسەڵات و بانگەوازی بۆ ژیانی شایستەی ئینسان دەکرد. پیرۆزییە بەزۆر داسەپاوەکانی دایە بەرەخنە. بە رەخنەیی چینایەتی و رۆشنی کۆمەڵایەتی دیوە شاراوەکانی رەمزە قیزەونەکانی

بۆ لاپەڕە 12